# تەوبە کـــــــــــردن

ئامادە کردنی: هێمن عەبدولعەزیز

خوای پەروەدگار بۆیە ئینسانی درووست کردووەو هەر ئەویش ئەزانێت کە ئینسان لە ژیاندا چی لەباردا ئەبێ و ڕووبەڕوو و دووچاری چ کارێك ئەبێتەوە.. ئەزانێ کە ئینسان خاوەن و ماهیەت و خەسڵەتی لاوازەو کەم ئەتوانێت بەرگەی سوڵتانی نەفس بگرێت، وەك خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿خُلِقَ الْإِنْسَانُ ضَعِيفاً﴾ ( النساء: ٢٨ ) واتە: ئادەمیزاد بە لاوازی دروست کراوە ( لە بەرامبەر ئارەزواتیەوە، کەم خۆ ڕا دەگرێت ). مەگەر ڕو دەو شتە بکات کە خوای گەورە بۆی بڕیار داوە، ئەویش بەندایەتی یە، وەك خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْأِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾ (الذريات:٥٦). واتە: جنۆکەو و ئینسانم دروست نەکردووە تەنها بۆ بەندایەتی نەبێت. وەك باسیشمان کرد، چونکە ئینسان خاوەن نەفس و ئارەزووە، بۆیە ئارەزوو هەردەم دەستی خاوەنەکەی ئەگرێت و بەرەو هەڵدێرو کەندەلانی بەدکاری ئەبات، وەك خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ النَّفْسَ لَأَمَّارَةٌ بِالسُّوءِ إِلَّا مَا رَحِمَ رَبِّي﴾ (يوسف: ٥٣). واتە: نەفسی ( ئینسان ئەگەر بە نووری خوا ناسی ئاوەدان نەبێت ) بە ڕاستی فەرمان بە گوناه و هەڵەو تاوان ئەدات. بەڵام تاکە شتێك کە ڕزگاری کات و لە چاڵ و چۆرتمی بەدکاری و لەهەڵدێرو خلێسکانی تاوانکاری ڕزگاری کات تەوبەیە، ئەگین ئەو ئینسانەی کە خوا ڕێزی لێ گرتووەو مەکانەتی بەرزی بۆ دیار

کرتووه ئەکەوێتە ژێری ژێرەوەی خراپکاران و هەڵسانەوەی بۆ نی یە.. وەك خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ لَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنْسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ * ثُمَّ رَدَدْنَاهُ أَسْفَلَ سَافِلِينَ ﴾ (التين:٤- ٥). واتە: ئێمە ئینسانما لە جوانترین شێوە درووست کردووە، ( بەڵام ئەگەر ڕێبازی خواناسی نەگرێت ) ئەوا ئەیخەینە نزمترینی شوێنی نزمەکانەوە.

پێغەمبەری پێشەواش (ﷺ) دەفەرموێ: ( التائب من الذنب كمن لا ذنب له ) واتە: ئەو کەسەی تەوبە بکات لە گوناهی وەك ئەو کەسە وایە کە گوناهی نەبووبێت.

شاعیریش دەڵێ:

مەگەر تەوبە بەری بگری ئەگین ڕوو زەردی ڕۆی حەشری.

جا دەبا بێین ، بە تێرو تەسەلی لە تەوبە بتوێژینەوەو بنج و بنەوان و هەموو ئەو کەرەستەو پێویستیانەی کە پەیوەستن بەمەوە ڕوون بکەینەوە.

## بنج و بنەوانی تەوبە

تەوبە بریتی یە لە گەڕانەوەی بەندەکان بۆ لای خوا، وە دوور کەوتنەوە لە ڕێگەی لارو لەوێرو چەوتی و نەکبەتی یەکانی دونیا، ئەمەش نایەتە دێ بەبێ ڕێنمایی بوونی خودا. رشێنمایی خواش فەراهەم نایە گەر ئینسان تیایا ئازاد نەبێ لە هەڵبژاردنی ڕاستە ڕێی یان چەوتە ڕێی.

بێ گومان ڕێنمایی ڕاستە قینەش درووست نابێت لە کاتێکدا ئەو کەسە بێ ئاگا بێ لە کردەوەکانی و تاوانەکانی نەناسێتەوە، چونکە سەرەتای بێ ئاگایی دوور بوونە لە ئەداتی ناسینەوەی کارەکان.

هەڵبەت گوناهەکان خاوەنی دووچاری مەینەتی و بێ بەشی ئەکات لە ڕەحمەتی خوا. بۆیە لەسەر هەموو کەسێك پێویستە کە خۆی لە هەموو ئەو هۆکارانەی کە ئەبنە مایەی قارو غەزەبی خوا دوور خاتەوە. بێ گومان

ئەمەش بە زاستی تەواوو پەشیمانی ڕاستە قینە دەستە مۆ ئەبێت. هەروەك خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا تُوبُوا إِلَى اللَّهِ تَوْبَةً نَصُوحاً عَسَى رَبُّكُمْ أَنْ يُكَفِّرَ عَنْكُمْ سَيِّئَاتِكُمْ وَيُدْخِلَكُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ يَوْمَ لا يُخْزِي اللَّهُ النَّبِيَّ وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ ﴾ (التحريم: ٨). واتە: ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە، ئێوە بە تەوبەو پەشیمانی یەکی ڕاست و درووستەوە ڕوو بکنەوە خوا، بەڵکو پەروەردگارتان لە هەڵەو گوناهەکانتان خۆش ببێت، وە بتانخاتە باخاتی بەهەشتەوە کە جۆگەو ڕووبار بەژێر درەخت و کۆشکەکانیدا ڕێڕەو ئەکات.

کەواتە: لە ڕووی زمانەوانی یەوە ( التوبة ) لە ( تابَ ) وە هاتووە، واتە گەڕانەوە.

بەڵام هەرچی لە ڕووی شەرعەوەیە، ئەوا دێت بە مانای: ( واز هێنان لە گوناه لە ترسی خوا، پەشیمان بوونەوەلە گوناه ، عەزیمەت لە سەر نەگەڕانەوە سەری )

## هەقیقەتی تەوبە

هەست کردنێکی تەواوە بە پەشیمانی لەو گوناه و سەرپێچی یانەی کە ئەنجامت دراون، پاشان گەڕانەوەی تەواو بۆلای خوا باوەش کردنە بۆ داخوازەکانی.

## ماناکانی تەوبە لە قورئاندا

لە قورئاندا ووشەی ( التوبة ) بە سێ مانا هاتووە:

(١) پەشیمانی: وەك خوای گەورە دەفەرموێ:﴿ فَتُوبُوا إِلَى بَارِئِكُمْ فَاقْتُلُوا أَنْفُسَكُمْ ﴾ (البقرة: ٥٤). واتە: دەی بگەڕێنەوە بۆ لای بەدیهێنەرتان و تەوبە بکەن و خۆتان بکوژن ( بێ تاوان تاوانبار بکوژێ ). یان دەفەرموێ: ﴿ وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعاً أَيُّهَا الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴾ (النور: ٣١). واتە:

**کەواتە هەمووتان تێکڕا بگەڕێنەوە لای خوا، ئەی بڕوادرینە، تاکو سەرکەوتوو و سەر فراز بن.**

**(٢) لێ بوردن** ( التجاوز ) **: وەك خوای گەورە دەفەرموێ:** ﴿ لَقَدْ تَابَ اللَّهُ عَلَى النَّبِيِّ وَالْمُهَاجِرِينَ وَالْأَنْصَارِ ﴾ (التوبة: ١١٧). **واتە: بێ گومان تەوبەو چاوپۆشی کردووە ( لە هەموو گوناه و هەڵەیەکی ) پێغەمبەرو کۆچەران و پشتیوانان.**

**(٣) گەڕانەوە بۆلای خوا: وەك خوای گەورە دەفەرموێ:** ﴿ سُبْحَانَكَ تُبْتُ إِلَيْكَ ﴾ (الأعراف: ١٤٣). **واتە: پاکی بۆ تۆ ( ئەی پەروەردگار ) وا گەڕامەوە لای تۆ و پەشیمان بوومەوە.**

## تۆبە کردن لە فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) دا

**پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ:**

(١) ( واللَّه إِنِّي لأَسْتَغْفِرُ الله ، وَأَتُوبُ إِلَيْه ، فِي اليَوْمِ ، أَكثر مِنْ سَبْعِين مرَّةً ) رواه البخاري عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه. **واتە: بەو خوایە من داوای لێ خۆشبوون لە خوا ئەکەم و ئەگەڕێمەوە لای ، لە ڕۆژێکا زیاتر لە حەفتا جار.**

**(٢)** ( يا أَيُّها النَّاس تُوبُوا إِلى اللَّهِ واسْتغْفرُوهُ فإِني أَتوبُ في اليَوْمِ مائة مَرَّة) رواه مسلم عن الأَغَرِّ بْن يَسار الْمُزنيِّ رضي الله عنه. **واتە: ئەی خەڵکینە بگەڕێنەوە لای خوا و داوای لێ خۆشبوونی لێ بکەن، چونکە من لە ڕۆژێکا سەد جاران تەوبە ئەکەم .!**

**(٣)** ( للَّهُ أَشدُّ فرحاً بِتَوْبَةِ عَبْدِه حِين يَتُوبُ إِلْيهِ مِنْ أَحَدِكُمْ كان عَلَى راحِلَتِه بِأَرْضٍ فلاةٍ ، فانْفلتتْ مِنْهُ وعلَيْها طعامُهُ وشرَابُهُ فأَيِسَ مِنْهَا ، فأَتَى شَجَرةً فاضْطَجَعَ فِي ظِلِّهَا ، وقد أَيِسَ مِنْ رَاحِلته ، فَبَيْنما هوَ كَذَلكَ إِذْ هُوَ بِها قَائمة عِنْدَهُ ، فَأَخذ بِخطامِهَا ثُمَّ قَالَ مِنْ شِدَّةِ الفَرحِ : اللَّهُمَّ أَنت عبْدِي وأَنا ربُّكَ،

أَخْطَأَ مِنْ شِدَّةِ الفرح ) وفي رواية لِمُسْلِمٍ. **واتە: خوای گەورە پێی خۆشترە کە بەندەکانی خۆی بگەڕێتەوە لای ئەو کاتەی کە تەوبە ئەکات لە کەسێ زیاتر لە کەسێ لە ئێوە کە خۆی و حوشترەکەی لە دەشتێکی کاکی بەکاکی ئەبێت و ئەو کاتەی کە حوشترەکەی لە دەستی دەرئەچێت و خواردن و توێشوو ئاوی لەسەر پشتیەتی، بێ هیوا ئەبێ و نایبینێتەوە، دێتە ژێر دارێك و لە بەر سێبەری دارەکە پاڵ ئەکەوێو ئەخەوێت، لە حوشترەکەی بێ ئومێد ئەبێت، لە پڕ کە چاو هەڵدێنێت حوشترەکەی وا لەپشت سەری یەوە وەستاوە! ئەمیش لە خۆشیان ئەڵێت: ئەی خودایە تۆ بەندەی منی و من پەروەردگاری تۆم! لە خۆشیا هەڵە ئەکات .!**

(٤) ( إِن الله تعـــالى يبْــسُطُ يدهُ بِاللَّيْلِ ليتُوب مُسيءُ النَّهَارِ وَيبْسُطُ يَدهُ بالنَّهَارِ لِيَتُوبَ مُسِيءُ اللَّيْلِ حتَّى تَطْلُعَ الشَّمْسُ مِن مغْرِبِها ) رواه مسلم عن أبي مُوســى عَبْدِ اللَّهِ بنِ قَيْسٍ الأَشْعَرِيِّ ، رضي الله عنه. **واتـە: بێ گومان خوای گەورە لە شـەوا دەسـتی خـۆی درێـژ ئـەکات بۆ ئەوەی خۆش بێت لە گوناهی ڕۆژ و بـەڕۆژیش دەسـتی خـۆی درێـژ ئەکات ب ئەوی خۆش بێت لە تاوانی شەو، ئەمە بەردەوام ئەبێت تا ئەو کاتەی کە خۆر لە خۆر ئاواوە هەڵدێت.**

(٥) ( مَــنْ تاب قَبْلَ أَنْ تطلُعَ الشَّمْسُ مِنْ مغْرِبِهَا تَابَ اللهُ علَيْه » رواه مسلم عَنْ أبي هُرِيْرةَ رضي الله عنه. **واتـە: کەسێك تەوبە بکات پێش ئەوەی کە خۆر لە خۆر ئاواوە هەڵبێت، خوا لێ ی وەر ئەگرێت.**

(٦) ( إِنَّ الله عــزَّ وجَــلَّ يقْبَلُ توْبة العبْدِ مَالَم يُغرْغرِ ) رواه الترمذي وقـــال: حديث حسنٌ عَنْ أبي عَبْدِ الرَّحْمن عَبْدِ اللَّهِ بن عُمرَ بن الخطَّاب رضي الله عنه. **واتـە: خـوای گـەورە توبە لە بەندە وەر ئەگرێت تا گیان لە گیانەڵا دەر ئەچێت.**

(٧) ( يَـــضْحكُ اللَّــــهُ سبْحَانُه وتَعَالَى إِلَى رَجُلَيْنِ يقْتُلُ أحدُهُمَا الآخَرَ يدْخُلاَنِ الجَنَّة ، يُقَاتِلُ هَذَا فِي سبيلِ اللَّهِ فيُقْتَل ، ثُمَّ يَتُوبُ اللَّهُ عَلَى الْقَاتِلِ فَيسْلِمُ فيستشهدُ ) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ عَنْ أبي هريرة ﷺ .**واته: خوای گەورە بە دوو پیاو پێ ئەکەنێ کە یەکیان ئەوی تری کوشتووە، کەچی هەردووکیان ئەڕۆنە بەهەشت، ئەمەیان لە پێناو خوا شەڕی کردووەو کوژراوە، بکوژەکەش تەوبەی کردووە و مسوڵمان بووەو شەهید بووە.**

**کەواتە: بەپێی ئەم بەڵگانەی سەرەوە: تەوبە کردن لە هەموو کاتێك ولە سەر هەموو کەس پێویستە، با ئەو کەسە پێغەمبەریش بوو بێت، وەك بینیمان کە پێغەمبەر (ﷺ) ڕۆژانە حەفتا یان سەد جاران ئەپاڕایەوە تەوبەی ئەکرد! چونکە ئینسان بەردەوام شەوو ڕۆژ لەسەر یەك ئەداو بە بێ ئاگا ڕوو بەڕووی سەدو یەك گوناه و تاوان ئەبێتەوە، خۆ ئەگەر هەوڵی خۆ دوور گرتنیش بدات لە تاوانەکان، ئەوا ناتوانێ دڵی بۆی بەند بکاو نەهێڵێ ئارەزوو بخوازێت! هەرچەند نیازی خراپ تا نەبێتە ڕەفتار خوای گەورە ناینووسێ.. وەلێ کەس فریشتە نیەو گەر هیچی پێ نەکات ئەوا دەیخاتە بازاری چەند گوناهێ کە تەنها بە دڵ ئەنجام ئەدرێن و بە کردەوی دڵ بۆی ئەنووسرێت، وەك گومانی خراپ و حەسوودی و بوغز و قین و نیازی خراپ و پێ خۆش بوون بە شکستی مسوڵمانان و ...هتد ) هەموو ئەوانە لە کردەوەی بەدی ئەندامەکان خراپترن بۆ بەندەکان. بۆیە هەر خوا بێ کەم و کوڕیە کەس نیە لەسەر زەوی کەم و کوڕی نەبێت، ئەگەر نەشتبێ هەر شیاوی ئەوەی کە بچووکی خۆت بۆ خوا بسەلمێنیت و هەردەم هەست بە قەرزاری ئەو بکەیت.. ئەبینین کە پیچغەمبەرێك کە خوا لە گوناهی پیچش و پاشی خۆش بووە سەد تەوبە ئەکا لە ڕۆژێك.. کەوا بوو هاوار بەماڵی ئێمە.. ئەوەتا پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ:** ( إِنَّهُ لَيُغَانُ على

قَلْبي ، وَإِني لأَسْتغْفِرُ اللَّه في الْيوْمِ مِئَةَ مرَّةٍ » رواهُ مُسلِم، وَعن الأَغَرِّ المُزَنِيِّ ﷺ .

**ئـەوەش نەبێت، سوونەتی خوایە کە بەندەکان ئەبێ هەر گوناهێ بکەن، بۆ ئـەوەی تەوبـە بکـەن و تەحیقی تەوبە لە مەیدانی کردەوەدا بێتە دێ. ئەی ئەگەر گوناه و سەرپێچی نەبێت، پێم نالێن: تەوبە چ مانایەك ئەدات؟ تاکید لەسـەر ئـەو قسەشم ئەو فەرموودەیە کە دەفەرموێ:** ( والَّذي نَفْسِي بِيدِهِ لَوْ لَـــمْ تُذْنِـــبُوا ، لَذَهَب اللَّه تَعَالى بِكُمْ ، ولجاءَ بقَوْمٍ يُذْنِبُونَ فَيسْتَغْفِرُونَ اللَّه تَعالى فَيغْفِـــرُ لهـــمْ ) رواه مسلم وَعن أَبي هريرة ﷺ. **واتە: سوێند بەو کەسەی کە گیانـی منـی بەدەستە، گـەر ئـێوە تـاوان و سەرپیچچی نەکەن، ئەوا خوای گـەورە ئـێوە لا ئـەباو کۆمەڵێکـی تـر ئەهێنـێت، تـا تاوان ئەنجام بدەن و ( پاشان ) داوای لێ خۆش بوون لە خوا بکەن و خواش لێیان خۆش بێت. !**

**کەواتە خوای گەورە پێی خۆشە کە بەندەکانی هەمیشە تەوبە بکەن و رشـووی پەشـیمانی تـێ بکـەن، هـەروەك** ( حـــسن البـــصري رحمه الله ) **دەفەرمـوێ:** ( لما أهبط الله عز وجل ابليس عليه اللعنة، قال: بعزتك وعظمتك، إني لا أفـــارق ابـــن آدم حـــتى تفارق روحه جسده، فقال الربُّ تعالى: وعزتي وعظمـــتي، لا أحجب التوبة عن عبدي حتى يغرغر بها ). **واتـە: ئەو کاتەی کە خـوای گـەورە ئیبلیـسی هەنارده خوارەوە نەفرەتی لێ بێت، گوتی: سوێند بـە عیـززەت و گەورەیـی تـۆ! مـن قـەت لـە ئادەمیـزاد جیا نابمەوە تا ئەو کاتــەی کــە گیانــی لــە لاشــەی جـیا ئەبێــتەوە، پــەروەردگاریش پــێی ئەفەرمـووی: سوێن بە عیززەت و گەورەیی خۆم، منیش تەوبە پەردە پۆش ناکەم لە بەندەکەم، تا گیان ئەگاتە گیانەڵای.**

**کەواتـە گـرنگ ئەوەیە ئینسان ئاگارداری هەموو جۆرە تاوانێك بێت، تاکـو خـۆیان لێ ڕزگـار کات و خواش لەمسەر ڕووی لوتفیان تێ بکاو لێ یان خـۆش بـێت. چـونکە ئەبێ بزانین کەوا تاوان تا تاوان کەوتووە، تاوان هەیە**

تـه نهـا بەشـەللاق لەسـەر بەنـدەكان لا ئەچـێت، هەشـە تـەنها بـە تەوبـە، هەشـیانە بەنـدەكان لــە دیــن ئەبەنــە دەرەوەو تــەنهاو تــەنها كوشــتن موستەهەقیانە !

كەواتە با بزانین تاوانەكان چین؟

## تـاوانە جۆراو جۆرەكـان

بێ گومان ئینسان ڕووبەڕووی گەلێك نەخۆشی و تاوان و سەرپێچی ئەبێتەوە، بەڵام ئەبێ بزانین كەوا تێكڕای دەردو نەخۆشی یەكان لە چوار خەسڵەتدا خۆی ئەبینێتەوە:

(١) خەسڵەتی پەروەرگارێتی: واتە ئەو خەسڵەت و سیفەتانەی كە لە ڕووی ( ربوبية ) ەوە لە خوا دا هەن، ئەو خەون بەو خەسڵەت ئەبینێو خۆی لەم چوار چێوە ئەبینێتەوە! وەك ( كبر و فەخرو شانازی و حەز كردن بە پیا هەڵدانی و وا بزانێت كە سوودو زیانەكان تەنها بەدەست ئەون و ڕۆزیەكان و بڕیارە كۆتاییەكان هەر بەدەست ئەون!) بە كورتی و بەكوردی هەموو ئەو سیفەتانەی كە خوای گەورە لە ڕووی ( پەروەردگارێتی ) یەوە هەیەتی، ئەو ئەیكات بە كاڵای باڵای خۆی! وەك فیرعەون ئەیگوت: ﴿ فَقَالَ أَنَا رَبُّكُمُ الْأَعْلَى ﴾ (النازعــات:٢٤) ئەیگوت: من پەروەدگاری هەرە گەورەی ئێوەم.

(٢) خەسڵەتی شەیتانی: واتە: هەموو ئەو سیفەتانەی كە شەیتانی پێ ئەناسرێتەوە، ئەو دێت لە خۆی دا دێنێتە دی. وەك ( حەسادەت و چاو پیسی و زوڵم و فێڵ و تەڵەكە بازی،خیانەت و دەغەڵی و ڕیا بازی ).

(٣) خەسڵەتی سرووشتی: وەك( داوێن پیسی و شەهوەت بازی و زیناو چاوگێڕی و درۆ قۆڵ بڕی و چاو بازی )

(٤) خەسڵەتی ئاژەڵی وەك (توڕەیو بوغزو غەرەزو هێرش بردنە سەر خەڵك و لێدان و پیاو کوژی و ماڵ خواردن...)

کەواتە تێکڕای گوناهەکان لەم خاڵانەی سەرەوە خۆیان ئەبیننەوە، جا هێندێکیان پەیوەندیان بە دڵەوە هەیە، وەك کوفرو بیدعەو نفاق و گومانی خراپ و..) هێندێکیشیان پەیوەندی بە چاوو زمان و سك و دامێن و قاژ و پێ و لاشەوە هەیە، ( کە دوایی باسی ئەکەین ).

کەواتە ئەگەر بێین ئەم چواری خاڵەی سەرەوە جگە لە هاوتا دانان بۆ خوا کە مێ بگوشین ، ئەتوانین لە دوو خاڵاندا کۆی کەینەوە:

یەکەم: ئەوە خەسڵەتەی کە پەیوەندی بە هەقی خواوە هەیە، وەك: پشت کردن لە واجباتەکان وەك :( نوێژو زەکات و حەج و ڕۆژووو.. ) هۆی ئەمەش نەفامی تەواوە بە دینی خوا، چارەسەریش ڕووکردنە زانستی شەرعیەو هەر ئەو ئەبێتە مایەی زیاتر شارەزا بوون لە هەموو کون و قوژبنەکانی تاوان.

دووەم: ئەو خەسڵەتەی کە پەیوەندی بە هەقی خەڵکەوەیە، وەك:

دزی و ماڵ زەوت کردن ، ئەزیەت دانی خەڵکی و زوڵم و زۆری و قۆڵ بڕی و فێڵ و تەڵەکە بازی و..) تەوبەش لە تاوانە ئەوەیە کە هەموو هەقەکان بگێڕێتەوە لای خاوەناکانیان.

وەلێ هێندێ لەو تاونانەی کە تەنها خوا پێی ئەزانیت وەك ( غیبەت، جوێن دان ، ) پێویستە لە نێوان خۆت و خوا پەشیمان بیتەوە.

هەمو ئەوانەی باسیش کران پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە فەرموودەیەکا ئاماژەی پێداوە، کە دەفەرموێ: ( الدواوين عند الله عز وجل ثلاثة: ديوان لا يعبأ الله به، وديوان لا يترك الله منه شيئاً، وديوان لا يغفر الله فالشرك ، قال الله تعـــالى: إِنَّهُ مَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ، المائدة ٧٢، وأما الديوان

الـــذي يعبأ الله به شيئاً فظلم العبد نفسه فيما بينه وبين الله عز وجل، يغفر ذلك ويتجاوزون إن شاء،÷ وأما الديوان الذي لا يترك منه شيئاً فظلم العباد بعضهم بعـــض، فالقـــصاص لا محالـــة تفرد به ) رواه أحمد عن عائشة. **كەواتـە: بـە مانايەكـی تـر تاوانـەكان يـان ( كبائر ) ن يـان ( صغائر )، ئەمەش قورئان و سوننەت و تێكڕای گوتەی زانيانی لەسەرە. ئەوەتا خوای گەورە دفەرموێ:** ﴿ إِنْ تَجْتَنِبُوا كَبَائِرَ مَا تُنْهَوْنَ عَنْهُ نُكَفِّرْ عَنْكُمْ سَيِّئَاتِكُمْ وَنُدْخِلْكُمْ مُدْخَلاً كَرِيماً ﴾ (النـــساء: ٣١). **واتـە: ئەگـەر خـۆتان بپارێـزن لـەو گوناهە گەورانەی كە قەدەغە كراوە، ئەوە لە گوناهە گەورەكانتان خۆش دەبين، وە دەتانخەينە جێيەكـی خـۆش وسازگارو ڕێزدارەوە ( كە بەهەشتە ). يان دەفەرموێ:** ﴿ الَّذِينَ يَجْتَنِبُونَ كَبَائِرَ الْأَثْمِ وَالْفَوَاحِشَ إِلَّا اللَّمَمَ ﴾ (النجم: ٣٢). **واتە: ئەوانەی كـە خـۆيان دوور دەخەنـەوە لـە گـوناه و تاوانـە گـەورەكان، جگە لە وردە گوناهان. وە پێغەمبەری خوا** (ﷺ) **دەفەرموێ:** ( الصلوات الخمس، والجمعة الى الجمعة، ورمضان الى رمضان: مكفرات لما بينهن إذا اجتنبتِ الكبائر ) رواه مـــسلم عن ابن عباس رضي الله عنهما. **واتـە: پێـنج نوێژەكان، وە هەينی بۆ هەينـی و ڕەمـەزان بـۆ ڕەمەزان، نێوانەكانيان كەفارەتە، بە مەرجێك واز لە تاوانـە گـەورەكان بهێـنن. هـەروەها دەفەرمـوێ:** ( إن الله كتب على ابن آدم حظـــه مـــن الـــزنا، أدرك ذلك لا محالة، فزنا العين النظر، وزنا اللسان المنطق، والـــنفس تـــتمنى وتشتهي، والفرج يصدق ذلك كله أو يكذبه) رواه البخاري. **واتە: خوای گەورە هێندێ لەزينای لەسەر ئادەميزاد پێويست كردووە، كەر هـەر ڕوو ئـەدات، زيـنای چـاو سـەرنج دانـە، وە زيـنای زمـان دركاندنـە، دەروونـيش ئەخـوازێو ئيـشتيهای ئەكات، دامێنيش هەموو ئەوانە بە ڕاست ئەگـرێت، يـان بـە درۆی دەخاتـەوە.. واتـە: چـاو و دەسـت و زمـان زيـنا ئەخـوازن كـە زيـنا بكـەن، بـەڵام كەسێ كە خۆی گرت و بە دامێن ئەنجامی**

نـەدا، ئـەوا ئەندامـەکان پارێـزراو ئـەبن، ئـەنا ئەوانـیش بـە ئاگـری دامـێن ئەسـووتێن. لـە شـوێنێکی تـر دا دەفەرموێ: ( كتب على ابن آدم نصيبه من الــزنى. مـــدرك ذلك لا محالة. فالعينان زناهما النظر. والأذنان زناهما الاستماع. واللـــسان زناه الكلام. واليد زناها البطش. والرجل زناها الخطا ) رواه مسلم. واتە: خوای گەورە شتێ لە زینای بۆ بەنی ئادەم پێویست کردووە، ئەمەش هـەر ڕوو ئـەدات، چاوەکان زینا ئەکـەن، زیـنای چاوانیش نـەزەر کـردنە، گـوێیەکان زینا ئەکەن، زینای گوێ یانیش بیستنە، زمان زینا ئەکات، زینا زمانـیش قـسە کـردنە، دەسـت زیـنا ئـەکات، زیـنای دەسـتیش گـرتنە، پێ یەکان زینا ئەکەن، زینای پێش هەنگاو هاویشتنە.

کەواتـە دەتـوانین بلـێین: ( صغائر ) هەموو ئەو گوناهانە دەگرێتەوە، کـە خـوای گـەورە لە دونیا هیچ حەددێکی بۆ دیار نەکردوون نە لە دونیا لە ئـاخیرەت، مـادام گـوناهەکان نەگەیشتوونە حـەددی کـەبائیر. ئـەویش بەو مەرجـەی کــە خاوەنــی تاوانــە بــچووکەکان مکــوڕی نەکــەن لەســەر تاوانەکانـیان.. چـونکە هـەر گوناهـی بچووکە کۆ ئەبنەوەو لە دواییا گەورە ئەبن و ئەبن بە ( كبائر ) ئەگەر خاوەنەکانیان بەردەوام بن لەسەری.

هـەروەك لـە ( علـی کـوڕی ئەبـو تالـب ﷺ) دەگـێڕنەوە، کەوا ڕۆژێك دزێکـیان هێـنایە لای، ئـەویش فەرمانی دا کە دەستی ببڕن، ئەویش گوتـی: ئـەی پێشەوای بڕواداران، بـەو خـوایە من دزیم نەکردووە، تەنها ئەم جارە نەبێت، ( عەلی )ش پـێ‌ی گوت: درۆ ئەکەیت، کاتێ کە دەستی بڕی ( علی ) ڕووی تـێ کـردو پـێ‌ی گـوت: ڕاسـتم پـێ بلـێ، بەم جارەوە چەند جاری تر دزیـت کـردووە؟ ئـەویش گوتـی: زۆر! ( على )ش پـێ‌ی گـوت: ئەمجارەیان ڕاسـتت کرد، چونکە خوای گەورە قەت کەس بەسەر تاوانێکەوە ناگرێت کە یەکەم جاری بێت!

هەڵبەت خوای گەورە جارێك و چەند جارێك لێت ئەبوورێت، بەڵام بەردوام بوون لەسەر تاوانەکان، یان ئەو کاتەی کە تاوانەکان ئەبن پیشەی کەسێك، ئەو دەم خوا وەدەنگ دێ و ئەو کەسە ڕیسوا ئەکات.

بەڵام بۆ پێناسەی تەواوی تاوانە گەورەکان، هەر یەك لە سەلەفی ساڵح ڕاو بۆچوونێکی هەیە. لەوانە:

١. ( ابن عباس ﷺ) دەفەرموێ: بریتی یە لەو تاوانانەی کەی لە دونیا خوا حەددی بۆ داناون. هەروەها دەفەرموێ: ( ألا إنه لا كبيرة من الإستغفار، ولا صغيرة من الإصرار ). واتە: گوناهەکان لە چوار چێوەی گوناهی گەورەوە دەر ئەچن، بە پەشیمان بوونەوەو لێ خۆش بوون، وەك بچووکەکانیش بە بچووکی نامێننەوە گەر کەسێ مکوڕی بکات لەسەری، واتە: بەردەوام بێت لەسەری. هەروەها دەفەرمووێ: هەموو شتێك بێ فەرمانی خوای تیا بکرێت تاوانی گەورەیە.

٢. ( ابن مسعود رضي الله عنهما ) دەفەرموێ: ( أكبر الكبائر: الشرك بالله، والأمن مِن مكر الله، والقنوط مِن رحمة الله، واليأس من رَوح الله ). واتە: گەورەترین تاوانە گەورەکان بریتین لە: هاوتا دانان بۆ خواو دڵنیا بوون لە سزای خواو بێ هیوا بوون لە ڕەحمەتی خواو ، بێ ئومێد بوون لە سۆزو میهرەبانی خوا.

٣. ( علي بن ابي طلحة رحمه الله ) دەفەرموێ: ( هي كل ذنب ختمه الله بنارٍ، أو غضبٍ أو لعنة، أو عذاب ). واتە: بریتی یە لە هەموو ئەو گوناهانەی کە خوا مۆری ئاگری پێوە ناوە، یان غەزەب یان نەفرەت یا سزای بۆ ئامادە کردووە.

٤. ( سعيد بن جبير رحمه الله ) بە ڕەحمەت بێت، دەفەرموێ: هەموو ئەو تاوانەن کە بەڵێنی ئاگریان پێدراوە.

٥. ( الحسين بن الفضل ) دەفەرموێ: هەر شتێك كە خوای گەورە لە قورئان بە تاوانی گەورەی حسێب كردبێت ، ئەو تاوانی گەورەیە. وەك دەفەرموی: ﴿ وَلا تَأْكُلُوا أَمْوَالَهُمْ إِلَى أَمْوَالِكُمْ إِنَّهُ كَانَ حُوباً كَبِيراً ﴾ (النساء: ٢). واتە: ماڵو سامانیان تێكەڵ ماڵو سامانتان مەكەن تا بیخۆن و ( بیفەتێنن ) بە ڕاستی ئەو كارە ستەمێكی گەورەیە. یان دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ قَتْلَهُمْ كَانَ خِطْئاً كَبِيراً ﴾ (الاسراء: ٣١). واتە: بە ڕاستی كوشتنیان تاوانێكی گەورەیە. یان ﴿ سُبْحَانَكَ هَذَا بُهْتَانٌ عَظِيمٌ ﴾ (النور: ١٦)، واتە: پاكی و بێ گەردی بۆ خوا، بەڕاستی ئەمە تۆمەت و بوختانێكی زۆر گەورەیە. هەروەها دەفەرموێ: ﴿ وَمَا كَانَ لَكُمْ أَنْ تُؤْذُوا رَسُولَ اللَّهِ وَلا أَنْ تَنْكِحُوا أَزْوَاجَهُ مِنْ بَعْدِهِ أَبَداً إِنَّ ذَلِكُمْ كَانَ عِنْدَ اللَّهِ عَظِيماً ﴾ ( الأحزاب: ٥٣) واتە: بۆ ئێوە نەهاتووە كە ئازاری پێغەمبەری خوا ﷺ بدەن، وە بۆتان نیە بە هیچ شێوەیەك كە خێزانەكانیان دوای وەفاتی پێغەمبەر ﷺ مارە بكەنەوە، چونكە بە ڕاستی ئەمە تاوانێكی زۆر گەورەیە لای خوا.

٦. سوفیان بە ڕەحمەت بێت، دەفەرموێ: ( الكبائر ما كان فيه من المظالم بينك وبين العباد. والصغائر ما بينك وبين الله ). واتە: تاوانە گەورەكان بریتین لەو زوڵمەی كە ئەكەوێتە نێوان تۆو بەندەكان، وە بچووكەكانیش ئەوانەن كە ئەكەوێتە نێوان تۆو خودای گەورە.

بەڵام هەرچی لە فەرموودەكانی پێغەمبەرە (ﷺ) ئەوا بە ئاشكرا تر، پەردە لە سەر ( كبائر ) ڕاماڵدراوە لەوانە، دەفەرموی:

١. عن أبي بكرةَ نُفيْع بنِ الحارثِ رضي الله عنه قال : قال رسولُ اللَّه صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وسَلَّم : ( أَلا أُنَبِّئُكمْ بأَكْبَرِ الْكَبائِرِ ؟ ) ثلاثاً قُلنا : بلَى يا رسولَ اللَّه : قال: ( الإِشْراكُ باللَّهِ، وعُقُوقُ الْوالِديْن ) وكان مُتَّكِئاً فَجلَسَ ، فقال ( أَلا وقوْلُ الزُّورِ وشهادُة الزُّورِ ) فَما زَال يكَرِّرُها حتَّى قُلنَا : لَيْتهُ سكتْ .متفق عليه. واتە: لە

ئەبی بەكرە ی نوفەیعی كوڕی حارس ﷺ دەگێڕنەوە دەفەرموی: پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: پێتان بلێم كە چ گوناهێ لە هەموو گوناهێك گەورەترە؟ سێ جاران ئەمەی دووپات ئەكردەوە، گوتمان: بەلێ ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ، فەرمووی: هاوتا دانان بۆ خوا و شكاندنی دلی دایك و باوك، بە پالكەوتنەوە ئەمەی دەفەرموو و هەلسایەوە دانیشت و فەرمووی: وە بریتی یە لە گوتەو قسەی نابەجێو شایەتی دان بە ناهەق، بەردەوام ئەمەی دووپات ئەكردەوە، هەتا گوتمان، خۆزگە بێ دەنگ ئەبوو و بەسەی لێ ئەكرد.

٢. عن عبد اللَّهِ بنِ عمرو بن العاص رضي اللَّه عنهما عن النبي (ﷺ) قال : «الْكبائرُ : الإِشْراكُ بِاللَّه ، وعقُوق الْوالِديْنِ ، وقَتْلُ النَّفْسِ ، والْيمِينُ الْغَموس» رواه البخاري. واتە: لە عەبدوللای كوڕی عەمری كوڕی عاص ( ڕەزای خوایان لێ بێت ) دەگێڕنەوە دەفەرموێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: گوناهە گەورەكان بریتین لە هاوتا دانان بۆ خواو سپلەیی لەبەر دەم دایك و باوك و كوشتنی كەسێك و سوێندی بە درۆ.

٣. وعنه أَن رسول اللَّه (ﷺ) قال : « مِنَ الْكبائِرِ شتْمُ الرَّجلِ والِدَيْه ،» قالوا : يا رسولَ اللَّه وهَلْ يشْتُمُ الرَّجُلُ والِديْهِ ؟، قال : « نَعمْ ، يَسُبُّ أَبا الرَّجُلِ، فيسُبُّ أَباه ، ويسُبُّ أُمَّهُ ، فَيسُبُّ أُمَّهُ » متفقٌ عليه. واتە: هەروەها هەر لەو دەگێڕنەوە كە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: لە تاونە گەورەكان بریتی یە جنێودانی كەسێك بە باوك و دایكی! گوتیان جا ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ كێ هەیە كە جنێو بە دایك و باوكی بدات؟ فەرمووی: بەلێ، جنێو بە باوكی كەسێك ئەداو ئەمیش جنێوی بە باوكی ئەو ئەداتەوە! وە جنێو بە دایكی ئەدات و ئەمیش جنێو بە دایكی ئەم ئەداتەوە.

٤. عـــن ابن مسعود ﷺ قال: قلت يارسول الله ﷺ: أي الذنب أعظم؟ قال: ( أن تقتل ولدك مخافة أن يُطْعَمَ معكَ. قال: قلت: ثم أي؟ قال: ( أن تزانيَ بحليلة جارك ) فأنزل الله تعالى لتصديق قول النبي ﷺ : ﴿ وَالَّذِينَ لا يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَهاً آخَرَ وَلا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ وَلا يَزْنُونَ ﴾ (الفرقان: ٦٨). **واته: له ( ابن مسعود ﷺ ) دەگێڕنەوە دەفەرموێ: به پێغەمبەر (ﷺ)م گـوت: چ تاوانـێك زۆر گەورەیـە؟ ئەڵـێ ئەمـیش فەرمـووی: بریتیـی لـە کوشـتنی ڕۆڵەکـەی خـۆت لە ترسی ئەوەی کە نەوەك نانت لە گەڵ بخوات، ئەڵـێ: گـوتم: ئـەی پاشـان؟ ئەڵـێ فەرمـووی: زیـنا بـە کەنیـزەکەی خـۆت بکـەیت، ئیـنجا خـوا بـۆ بەڕاسـت دانانـی فەرمایـشتی پێغەمـبەر (ﷺ) ئـەم ئایەتـەی دابەزانـد کـە دەفەرمـوێ: ئەوانـەی کـە هیچ جۆر هاوەڵێك بۆ خوا بـڕیارِ نـادەن و کەسیش ناکوژن کە خوا کوشتنی حەڕام کردبێت، مەگەر بە هەق نەبێت، وە زیناش ناکەن.**

٥. **هـەروەها دەفەرمـوێ:** ( اجْتَنِبُوا السَّبْعَ الْمُوبِقَاتِ ، قَالُوا : يا رَسُولَ اللَّه ومَا هُن ؟ قال : الشِّرْك بِاللَّهِ ، وَالسِّحْرُ وَقَتْلُ النَّفْسِ التِي حرَّمَ اللَّهُ إلاَّ بِالحَقِّ ، وَأَكْـــلُ الـــرِّبَا ، وَأَكْلُ مال اليتِيمِ . والتَّوَلِّي يوْمَ الزَّحْفِ ، وقذفُ الْمُحْصنَاتِ الْمُؤمِـــنَات الغــافِلاتِ ) متفقٌ عليه عن أبي هُرْيْرة ﷺ **واتـە: دوور کەونـەوە لە حـەوت شـتە بـە هـیلاك دەرەکـە، گوتـیان ئـەم حـەوت شـتە چـین ئـەی پێغەمـبەری خـوا ﷺ؟ فەرمووی: هاوتا دانان بۆ خوا، سیحرو جادوو گەری، وە کوشـتنی کەسـێ بـە ناهـەق کـە خـوا کوشـتنی بـە حـەڕام دانـاوە، وە خواردنـی سـوو، وە خواردنـی ماڵـە هەتـیو، وە ڕاکـردن لـە ڕۆژی شـەڕ، هەروەها تۆمەت و بوختان هەڵبەستن بە ئافرەتانی بێ ئاگای پارێزراو.**

له کۆتایی: هەموو ئەوانەی کە باس کران ( أبو طالب المكي رحمه الله ) بەچەند خاڵێك کۆی کردوونەتەوە: ئەڵێت: تاوانە گەورەکان (١٧) جۆرن: چواریان لە نێو دڵ دان، وەك ( هاوبەش دانان و سوورِ بوون لە سەر بێ فەرمانی کردن، بێ هیوا بوون لە ڕەحمەتی خوا، دڵنیا بوون لە مەکری خوا. چواریشیان لە زمانن: وەك: شایەتی ناهەق و تۆمەت هەڵبەستن و سوێندی بە درۆو سیحر. سێیان تایبەتن بەسك: وەك: ئارەق خواردنەوەو خواردنی ماڵی هەتیو بە ناهەق و خواردنی سوو. دوویان تایبەتن بە دامێن، وەك: زیناو نێر بازی. وە دوو شیان تایبەتن بە دەست، وەك: کوشتن و دزی. یەکیان تایبەتە بە پێ یەکان، وەك ڕاکردن لە ڕۆژی شەڕ. دوا شتیش پەیوەستە بە تێکڕای ئەندامەکانی لەش، وەك: سپڵەیی لە بەردەم دایك و باوك.

( سەرنجتان ڕا ئەکێشم بۆ هەموو ئەو باسانەی کە ئاماژە بە دڵی نەخۆش ئەدەن و لەو کتێبە دا بەندە تۆمارم کردوون، جێگای ئەوەن کەسەرنج بدرێن و گەر هەر کەس لەخۆی دا بەدی کرد، پێویستە تەوبەی تیا بکات و پەشیمان بێتەوە لێ ی. ) .

## چ کاتێك تاوانە بچووکەکان ئەبن بە تاوانی گەورە؟

ئەبێ بزانین کە هیچ تاوانێك چ بچووك چ گەورە لەسەر حاڵەتی خۆی نامێنێت، گەر تەوبەی تیا نەکرێت.. ئەوەی کە جێگەی باسیشە لێرە ئەوەیە کە بزانین تاوانە بچووکەکان لە حاڵەتی خۆیان دەر ئەچن و بەرەو تاوانی گەورە ڕێ ئەکەن ، بۆیە هەرچی زووە ئەبێ خۆی لێ ڕزگار کەن، ئەنا کە بوو بەتاوانی گەورە قۆرِەکە خەستتر ئەبێ و تاوانیشی لای خوا

**گەورە تر ئەبێ! کەواتە ئەبێ بزانین کە تاوانی بچووك چۆن ئەبێت بە تاوانی گەورە، ئەویش ئەبێ سەرنجی ئەم خاڵانەی خوارەوە بدرێت:**

**١. سوڕ بوون و بەردەوام بوون لەسەر تاوانی بچووك، تاوانە بچووکەکان گەورە ئەکەن. هەروەك** ( ابن عباس ﵄ ) **دەفەرموێ:** ( ألا إنه لا كبيرة من الإستغفار، ولا صغيرة من الإصرار ).

**٢. بەردەوام بوون لەسەر تاوان: چونکە وەك باسمان کرد، هەر شتی بچووکە گەورە ئەبێ و شتی گەورەیە کوڕ ئەبێ! سەرنج دە هەر دڵۆپە ئاوێکە لافاوێك درووست ئەکا.. دڵۆپە ئاوێکە تاشە بەردی کون ئەکا. بۆ کاری چاکیش هەر وایە، بەردەوام بوون لە سەر چاکەکان پاداشتی زیاتر ئەبێ، بۆیە، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموی:** ( احب الأعمال الى الله أدومه وإن قلَّ ). **واتە: خۆشەویستترین کردەوە لای خوا ئەوەیە کە لەسەر بەردەوام بیت ئەگەر کەمیش بێت.**

**٣. تاوانەکانت لا بچووك بێت: بێ گومان گوناه هەرچەندی لای تۆ بە گەورەی بزانیت، ڕەنگە لەبەر هەڵوێستی تۆ، لای خوا نرخی نەبێ و بە بچووکی بزانێت! بەڵام گەر تۆ گوناهی بچووکت لا بچووك بوو، لای خوا حسێبی زۆر گەورەی بۆ ئەکرێت. هەروەك** ( ابن مسعود رَضي الله عنهما ) **دەفەرموێ:** ( إن المؤمن يرى ذنوبه كأنه في أصل جبل يخاف أن يوقع عليه، وإن الفاجر يرى ذنوبه كذباب وقع على نفسه، فقال به هكذا. أخرجه في الصحيحين. **واتە: بڕوادار تاوانی خۆی ئەبینێت، بەچەشنی شاخێکی گەورە کە خەریکە بەسەری دا بکەوێت، کەچی بەدکار تاوانی خۆی ئەبینێت، بەچەشنی مێشێك کە پێیەوە هەڵدەگەڕێت و ئاوا ئەکات ( واتە: باوەشێن ئەکات ). هەروەك ( انس** ﵁ **) دەفەرموێ:** ( إنكم لتعلمون أعمالاً هي أدق في أعينكم من الشعر إن كنا لنعدها على عهد رسول الله ﷺ من الموبقات . رواه

البخاري. واتە: بەڕاستی ئێوە کردەوەی وا ئەنجام ئەدەن کە لەبەر چاوتان لە تاڵە موێك بچووکترە، کەچی ئێمە لەسەر دەمی پێغەمبەر ﷺ لە کردەوە بەفەتارەت دەرەکانمان حسێب ئەکردن. هەروەها ( بلال بن سعد رحمه الله ) دەفەرموێ: ( لا تنظر الى صغر الخطيئة، ولكن انظر الى عظمة من عصيت ). واتە: سەرنج مەدە کە کردەوەکان بچووکن، بەڵکو سەرنج دە کە لە کێ یاخی بوویت.

٤. دڵت  بە گوناهی بچووك خۆش بێ و شانازی پێوە بکەیت!: وەك ئەو کەسەی کە ئەتکی حورمەتی مسوڵمانێك ئەکات، پاشان ئەچێتە نێو خەڵك و باسی تاوانەکەی ئەکاو شانازی پێوە ئەکات!.

٥. تاوانێك کە تۆ لە نێوان خۆت و خوای خۆت ئەنجامت داوە، خوا بۆتی پەردە پۆش کردووەو تۆش ئاشکرای ئەکەیت.! بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ:  عنه قال : ( كُلُّ أَمَّتِي مُعَافًى إِلاَّ الْمُجاهرينَ ، وإِنَّ مِن الْمُجاهرةِ أَن يعمَلَ الرَّجُلُ بالليلِ عمَلاً ، ثُمَّ يُصْبحَ وَقَدْ سَتَرهُ اللَّه عَلَيْهِ فَيقُولُ : يَا فلانُ عَمِلْتُ الْبَارِحَةَ كذَا وَكَذَا ، وَقَدْ بَاتَ يَسْترهُ ربُّهُ ، ويُصْبحُ يَكْشفُ سِتْرَ اللَّه ) متفق عليه . واتە: هەموو ئوممەتێك چاوپۆشی یان لێ ئەکرێت، تەنها ئەوانە نەبن کە کردەوەکانی خۆیان ئاشکرا ئەکەن، ئاشکرا کردنیش ئەوەیە کە پیاوێك بەشەو کردەوەیەك ئەنجام ئەدات، کە بەیانی ئەبێتەوە خوا بۆی پەنهان کردووە، کەچی ئەو ئاشکرای ئەکات و ئەڵێت: ئەی فلان کەس من دوێ ئەمەم کردو ئەوەم کرد! پەروەردگاری خەریکە پەردە پۆشی کردووە کەچی ئەو پەردەی خوا ڕا ئەماڵێت!

٦. ئەو کەسەی کە حوکمی تاونەکەی بزانێت کە حەڕامە: هەروەك خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ كَبُرَ مَقْتاً عِنْدَ اللَّهِ أَنْ تَقُولُوا مَا لا تَفْعَلُونَ ﴾

(الصف:٣) واتە: گەورەترین غەزەبی خوا لەوەیە کە تۆ بە زمان بیڵێیت و بە کردەوە ئەنجامی نەدەیت.

٧. ئەو کەسەی کە شوێن زانایاکی تاوانکار ئەکەوێت: چەندی بزانیت ئەو پیاوە تاوانبارەو تۆش هەر شوێنی کەویت، ئەوە تاوانەکەت زیارت ئەبێ و گەورە ئەبێت. پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموی: ( مَنْ سَنَّ فِي الإِسْلام سُنةً حَسنةً فَلَهُ أَجْرُهَا، وأَجْرُ منْ عَملَ بِهَا مِنْ بَعْدِه مِنْ غَيْرِ أَنْ يَنْقُصَ مِنْ أُجُورِهِمْ شَيءٌ ، ومَنْ سَنَّ فِي الإِسْلامِ سُنَّةً سيِّئةً كَانَ عَلَيه وِزْرها وَوِزرُ مَنْ عَمِلَ بِهَا مِنْ بعْده مِنْ غَيْرِ أَنْ يَنْقُصَ مِنْ أَوْزارهِمْ شَيْءٌ ) رواه مسلم. واتە: کەسێ کردەوەیەکی چاك لە ئیسلام دا بهێنێت، ئەوا پاداشتی چنگ ئەکەوێ و ئەو کەسەیش کە کاری پێ ئەکات لە دوای ئەوا هەمان پاداشت وەر ئەگرێت، بە بێ ئەوەی کە هیچ پاداشتی لێ کەم بێتەوە، وە هەرکەسێکی کردەوەیەکی خراپ دا بهێنێت، ئەوا تاوانی خۆی هەڵدەگرێت و ئەو کەسەیش کە لە دوای ئەو کاری پێ ئەکات هەمان تاوان هەڵئەگرێت، بێ ئەوەی کە لە تاوانەکەی شتێ کەم بێتەوە.

ئەوانەی کە باس کران ئاماژە دان بوو بەو تاوانە بچووکانەی کە لە بازنەی بچووکێتیەوە دەر ئەچن و گەورە ئەبن، وەلێ چاکەکانیش هەر وان، چەندی چاکە بە دوای چاکەکانە بێن، چاکەکان گەورە تر ئەبن و خێری زیاتریان ئەبێت لای خوا.

## پێویستە تەوبەکان تاخیر نەکرێن

کە زانیمان گوناهی بچووك هەر بە چووکی نامێنێت، ئەبێ هەر زوو تەوبەی تیا بکرێت و پەشیمان بێتەوە.. ئەنا مردن کە هاتە پێشێ چ زەمانەتێك هەیە کە فریای تەوبە بکەویت، چەند کەسمان بینی شەو خەوت

**بەیانی هەڵنەسایەوە! چەند کەسمان بینی لەشەوی زاوایەتیەوە گیانی داوەو مردووە! چەند کەسمان بینی کە لەماڵ دەرچوو نەگەڕایەوە؟ ئاخر خوای گەورە دەفەرموێ:** ﴿ وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ مَاذَا تَكْسِبُ غَداً وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ بِأَيِّ أَرْضٍ تَمُوتُ ﴾ (لقمان: ٣٤) **واتە: هیچ نەفسێ نازانێت کە بەیانی چ شتێك ئەکات، وە نازانێت کە لە چ زەویەکا ئەمرێت.**

**هەروەك ئەبو بەکری سەددیق** رضي الله عنه **دەفەرموێ:**

| | |
|---|---|
| يا من بدنياه انشغل | وغرَّهُ طول الأمـــل |
| والموت يأتي بغـــتةً | والقبر صندوق العمل. |

**واتە: ئەی ئەو کەسەی سەر قاڵ بووە بە دونیای خۆی وە هیوا درێژی تەفرەی داوە، مردن کە دێ لە پڕ دێ، هەر گۆڕە سندووقی کردەوەکان .**

**خوای گەورە دەفەرموێ:** ﴿ إِنَّمَا التَّوْبَةُ عَلَى اللَّهِ لِلَّذِينَ يَعْمَلُونَ السُّوءَ بِجَهَالَةٍ ثُمَّ يَتُوبُونَ مِنْ قَرِيبٍ فَأُولَئِكَ يَتُوبُ اللَّهُ عَلَيْهِمْ وَكَانَ اللَّهُ عَلِيماً حَكِيماً * وَلَيْسَتِ التَّوْبَةُ لِلَّذِينَ يَعْمَلُونَ السَّيِّئَاتِ حَتَّى إِذَا حَضَرَ أَحَدَهُمُ الْمَوْتُ قَالَ إِنِّي تُبْتُ الْآنَ وَلا الَّذِينَ يَمُوتُونَ وَهُمْ كُفَّارٌ أُولَئِكَ أَعْتَدْنَا لَهُمْ عَذَاباً أَلِيماً ﴾ (النساء: ١٧ــ ١٨). **واتە: خوای گەورە تەنها ئەو تەوبەو پەشیمانیەی لەسەرە وەری بگرێت، وە ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە گوناھ و نا درووستی بە نەفامی و نەزامی ئەنجام دەدەن و پاشان بە زوویی تەوبە دەکەن و پەشیمانی دەردەبڕن، ئا ئەو جۆرە کەسانە خوا تەوبەیان لێ وەردەگرێت، وە هەمیشەو بەردەوام خوا زانایایە ( بەوەی کە بە نەزانی و بە نەفامی هەڵەو گوناھ ئەنجام دەدات )، وە دانایەو ( دەزانێت کە ئادەمیزاد هەندێك جار لاوازیی ڕووی تێ دەکات و بە هەڵە دا دەچێت، لەبەر ئەوە نائومێدی**

**ناكات.**

**بۆیه پێویسته هەرچی زووه تەوبە بکەیت و پەشیمان بیتەوە ئەنا وا نەکەیت ئەبیت بە خاوەن دڵێك کە هیچ ژیانی تێدا نەبێت، تاریك وەك ئەشکەوتی لێ دێت، هەروەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ:** ( تعرض الفتن على القلوب كالحصير عودا عودا. فأي قلب أشربها نكت فيه نكتة سوداء. وأي قلب أنكرها نكت فيه نكتة بيضاء. حتى تصير على قلبين، على أبيض مثل الصفا. فلا تضره فتنة ما دامت السماوات والأرض. والآخر أسود مربادا، كالكوز مجخيا لا يعرف معروفا ولا ينكر منكرا. إلا ما أشرب من مراه". رواه مسلم عن حذيفة. **واتە: فیتنەکان داو داو شوێنەوار لەسەر دڵەکان پەیدا ئەکەن، بەچەشنی ئەو ڕایەخەی کە بەدانیشتن لەسەری شوێن داوە بەنەکان لە لەشی ئینسانا درووست ئەکات، جا هەر دڵێك ئەو فیتنەیەی بەرکەوێت، خاڵێکی ڕەش لەسەری پەیا ئەبێت، وە هەر دڵێکیش ئەوفیتنەیەی لە خۆی وە دوور گرت خاڵێکی سپی لەسەر دڵیا درووست ئەکات، تا دڵەکان ئەبن بە دوو جۆر دڵ، سپی وەك کێوی سەفا، کە هیچ فیتنەیەك ناتوانێ کاری تێ بکات تا ئاسمانەکان و زەوی وەك خۆیان مابن! ئەوی تریان ڕەش وەك ئەو تەنیەی بن میچی مەنجەڵ یان وەك ئەو گۆزە سەرەو نخوونەی لێ دێت، کە هیچ شتێك بە خۆوە ناگرێت، کە واشی لێ هات ئەم دڵە بە هیچ چەشنێ چاك بە چاکە و خراپ بە خراپە نازانێ .**

## مەرجەکانی تەوبە کردن

**تەوبەکان دوو بەشن، یەکەم: ئەوەی کە پەیەندی بە نێوان خۆت و خواوە هەیە، دووەم: ئەوەی کە پەیوەندی بە خۆت و خەڵکی خواوە هەیە:**

**یەکەم: ئەوەی کە پەیەندی بە نێوان خۆت و خوا هەیە:**

١) تەوبەکەی بۆ خوا بێت: وەك عومەر دوعا ئەکاو ئەڵێت: ( اللهم اجعل عملي كلَّه صالحاَ واجعله لوجهك خالصاَ ولا تجعل لأحد فيه شيئاَ ) واتە: ئەی خودایە هەموو کردەوەکانم چاك کەو بیگێڕە بە مایەی خاڵصی تۆ، کەسی تری جگە لە تۆ تێیدا جێ نەبێتەوە.

٢) دەست هەڵگرتن لە تاوان: هەر کە زانیت ئەمە تاوانە، دەست بەجێ ئەبێ دەستی لەسەر هەڵگرێت.. وەك چۆن کەسێك لە ئاگر ئەسڵەمێتەوە، چونکە ئاگرەو دەست ئەسووتێنێت، بە هەمان چەشن گوناه ئاگرەو ئینسان بە هەموو ئەندامەکانیەوە ئەسووتێنێ.

٣) پەشیمانی لە ڕابردوو: مەرجێکی تر ئەوەیە کە هەردەم پەنجەی پەشیمانی لە تاونەکان بکرۆژێت و داخ و حەسرەتی بۆ بکێشیت. نیشانەکانی پەشیمان بوونەوەش، بریتی یە لە دڵ تەنگی لە کاتێك کە هەست بە دوور بوونی دەکات لە خوای خۆی، بۆیە بەردەوام خەمناکەو فرمێسك لە چاوی ووشك نابێ، چونکە بزانێ یەکێك ئازاری کوڕەکەی ئەدات، چۆن ئەم باوکە خەوێ لێ دەکەوێ، بۆیە بەردەوام لە یادیتی و لە دیاریا بۆی ئەگریەو قوڕ پێوانی بۆ ئەکات، بەڵام چ شتێك ئازیزترە لە نەفسی خۆی؟ چ ئازارێك لە ئازاری ئاگر جەرگ بڕترە داخ و ناسۆرترە.

٤) مکوڕی نەکردن لە سەر تاوانەکان: وەك خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ وَالَّذِينَ إِذَا فَعَلُوا فَاحِشَةً أَوْ ظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ ذَكَرُوا اللَّهَ فَاسْتَغْفَرُوا لِذُنُوبِهِمْ وَمَنْ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلَّا اللَّهُ وَلَمْ يُصِرُّوا عَلَى مَا فَعَلُوا وَهُمْ يَعْلَمُونَ ﴾ (آلعمران:١٣٥) واتە: ئەوانەش کە تاوان یان گوناهێك ئەنجام ئەدەن، یاخود ستەم لە خۆیان دەکەن ( دوایە بە خۆیاندا دێنەوە ) و یادی خوا دەکەن و داوای لێ خۆش بوونی گوناهیان دەکەن، جا کێ هەیە کە لە گوناه خۆش ببێت جگە

ل خوا؟! هەروەها لەسەر گوناه و تاوانیان بە ردەوام نابن وە بە گاییەوە دووبارەی ( ناکەنەوە).

٥) عەزیمەت بوون لەسەر نەگەڕاناوە سەر تاوانەکان: ئەمەش برشیاڕیچکی دڵەو کەسانێك ئەتوانن بیدەن کە بە هەقیقەت ڕووی دە تەوبە کردبێ و پەشیمانی جەگ و دڵی لەگەڵ بردبێ!

٦) تەوبەکە هەروەك چۆن بە دڵ دەبێ ئەبێ بە کردەوەش بێت. ئەو دەستەی کە ئازاری خەڵکی پێ ئەدا، ئەمجارە یارمەتی خەڵکی پێ بدات، ئەو زمانەی کە لە عەیبی خەڵك ئەگەڕا، ئەمجارە زیکری خوای پێ بکاو ئامۆژگاری خەڵکی پێ بکا، ئەو دڵەی کە کردبوویە مۆڵگەی بوغزو قین، ئەمجارەیان بیکات بە مایەی خۆشویست ن و ترسان لە خوا. ئەو چاوەی کە خەرجی ئەکرد لە نەزەرو شکاندنی حورمەتی خەڵکی ئەمجارەیان خەرجی کات لە قوڕئان خوێندن .. ئەو کاتەی شمشێری لە خزمەت کوفر بوو، ئەمجارەیان بۆ بەرگری کردن لە پێناو بەرز کردنەوی ئیسلام بێت..ئەم هەڵوێستەش ( وەحشی ) نواندی، ئەو نێزەی کە حەمزەی پێ شەهید کرد، بەهەمان نێزە موسەیلەمەی درۆزنی پێ کوشت.

٧) لەزەمەنی تەوبە دابێت . چونکە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ:: ( مَنْ تاب قَبْلَ أَنْ تطلُعَ الشَّمْسُ مِنْ مغْرِبِهَا تَابَ اللهُ علَيْه ) رواه مسلم عَنْ أبي هُرَيْرةَ ﵁. واتە: کەسێ تۆبە بکات پێش ئەوەی کە خۆر لە خۆر ئاواوە هەڵبێت، خوا لێ ی وەر ئەگرێت.

٨) کاتێ بیر لە گوناهەکان ئەکاتەوە پێ تێك چێو وەك زەقنەموت لای وا بێت: وەك چۆن ئینسانێك قێز لە کەلاکی تۆپیو کاو سڵ لە بۆنی گەنیو کا ، ئاوا قێز لە تاوان و سەرپێچی یەکانی کاو سڵ لە کردەوە پێشینەکانی کا.. چونکە گەر دەرك بە گوناهی تاوان بکرایە، هەڵبەت دونیا

له بۆگەن ئەبوو، ژیان له سەر زەمین مەحاڵ ئەبوو. بۆیه که موحەممەدی کوڕی واسع ( رحمه الله ) ئەیگوت: گەر گوناه بۆنی هەبووایه، کەس خۆی لەبەر بۆنی من ڕا نەئەگرت!.

دووەم: ئەوەی که پەیوەندی به خۆت و خەڵکی خواوه هەیه:

ئەمەیان پەیوەسته بەو تاوانەی که له دەرهەق خەڵکی خواو ئەنجام دراون، پەسیمان بوونەوەو تەوبەش لەم خاڵە دا بەم شێوەیه ئەبێت:

١. ئەگەر تاوانەکەی بریتی بوو له ئازار دانی کەسێك، جا چ به غیبەت کردنی بوو یان به بوختان بۆ هەڵبستنی بوو، ئەوا ئەگەر زانیت که فیتنەو ئاشووبی لێ پەیدا نابێت، ئەوا ئەبێ بچیته لای و گەردەنی خۆتی پێ ئازاد بکەیت، هەروەك ئەمه ڕای ( أبو حنيفه و مالك ) هەروەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: ( مَنْ كَانتْ عِنْدَه مَظْلَمَةٌ لأَخيهِ ، مِنْ عِرْضِه أَوْ مِنْ شَيْءِ ، فَلْيَتَحَلَّلْه مِنْه الْيوْمَ قَبْلَ أَنْ لا يكُونَ دِينَارٌ ولا دِرْهَمٌ ، إنْ كَانَ لَهُ عَملٌ صَالحٌ أُخذَ مِنْهُ بِقَدْرِ مظْلمتِهِ ، وإنْ لَمْ يَكُنْ لَهُ حسَنَاتٌ أُخذَ مِنْ سيِّئَاتِ صاحِبِهِ فَحُمِلَ عَلَيْهِ ) رواه البخاري عن أَبي هُرِيْرَةَ رضي اللَّه عنه. واته: کەسێ زوڵمی برای خۆی لا بێت، له شەڕەف و یان هەر شتێکی تر لەو بابەته، با بۆ بگێڕێتەوه پێش ئەوەی نه دینارو نه درهەمێك له دواییا به کەڵکی بێت، ئەگەر کردەوەیەکی چاکی له دونیا هەبووبێت، ئەوا له کردەوەکەی ئەسەنرێو ئەدرێت بەو به ئەندازەی ئەو زوڵمەی که لایەتی، خۆ ئەگەر چاکەشی نەبووبێت، ئەوا له خراپەی خاوەن هەقەکه هەڵئەگیرێ و ئەخرێته سەر خراپەکانی ئەم.

هێندێکی تر ئەڵێن: پێویست به چوونه لای ناکرێت، بەڵکو هەر خودی ( تەوبه) که لەنێوان خۆت و خودا بەسه. هەروەك ( شيخ الإسلام إبن

تيمية رحمه الله ) دەفەرموێ : لەوانەیە فیتنەو ئاشووبی زیاتر بێت بە درکاندنی لای خواەن هەقەکان.

٢. بەڵام ئەگەر تاوانەکە بریتی بوو لە ڕفاندنی یان زەوت کردنی یان دزینی ماڵ و سامانی کەسێك بوو، ئەوا لەسەریەتی کەوا هەقەکە بگێڕێتەوە لای خاوەنەکەی، بەڵام دیسان ئەگەر زانرا کە فیتنەو ئاشووبی لێ درووست ئەبێت، ئەوا لەسەریەتی کە موڵکەکە بە ناوی خاوەنەکەی بکاتە خێر. بە پێی ئەم بەڵگەیە: ( فقد روي ان ابن مسعود ﷺ اشترى من رجل جارية، ودخل يزن له الثمن، فذهب رب الجارية، فانتظره حتى يئس من عودته، فتصدق بالثمن وقال اللهم هذه عن رب الجارية، فإن رضي فالأجر له، وإن أبى فالأجر لي، وله من حسناتي بقدره ). دەگێڕنەوە کەوا ( ابن مسعود ﷺ ) کەنیزەیەکی لە پیاوێ کڕی و چوو تا نرخەکەی بۆ بهێنێت، تا گەڕایەوە خاوەن کەنیزەکە لە شوێنی خۆی نەمابوو، چاوەڕێی کرد کەچی هەر نەگەڕایەوە! ئەویش نرخی کەنیزەکەی کردە خێر و گوتی: ئەی خوای گەورە ئەوە خێری خاوەن کەنیزەکە، گەر ڕازی بوو، ئەوە پاداشتەکە بۆ ئەوە، ئەگەر ڕازیش نەبوو، ئەوە بە ئەندازەی نرخەکەی خێری من بۆ ئەو بێت.

## ڕێگاکانی تەوبە کردن

١. زانستی شەرعی : بوونی زانستی شەرعی بە ئاگات دێنی و سەر پێچی یە جۆر بە جۆرەکانت پێ دەناسێنی، وات لێ ئەکات هەرچی زووە پەشیمان بیتەوەو تەوبە بکەیت، کەسێ بزانێت ئاقیبەت و دوا ڕۆژی تاوانەکان تووڕە بوونی خواو ئاگری دۆزەخە، ناهێڵێ ئاوا بە ئاسانی تاوەنەکان بەسەریانەوە بچێت، دەم و دەست تەوبە ئەکات و پەشیمان ئەبێتەوە.

٢. زاڵ بوون بەسەر ئارەزووەكان: چونكە هەر ئارەزووی چەپەڵەكانی دەروونی خاوەنەكەی بەرەو گوناه و سەرپێچی پەل كێش ئەكات، وەك خوای گەورە دەفەرموی: ﴿ إِنَّ النَّفْسَ لَأَمَّارَةٌ بِالسُّوءِ إِلَّا مَا رَحِمَ رَبِّي ﴾ (يوسف: ٥٣). واتە: دەروونی ئینسان فەرمان بە گوناه و هەڵەو تاوان ئەدات، مەگەر پەروەدگارم بە ڕەحم و میهرەبانی خۆی فریا كەوت. ئەو كەس گەمژەو بێ ئەقڵە كە بزانێت دوژمن لێی لەسەنگەر دایەو كەچی ئەو مێشی لا میوان نی یەو هەر خۆشی شێلو ناكات ، دەروونی چەپەل خەتەرناكترین چەكی شەیتانی دوژمنە كە بە كاری دەهێنێت لە دژی بەندەكان، پێویستە بەندەكان لێ ی بە ئاگا بێن و زۆر بە توندی بەربەركانی بكەن و زاڵ بن بەسەری دا.. تەنها ئیرادەو ویستی پۆڵاینی ئەقلیشە كە ئەتوانێ لەبەردەم ئەم دوژمنە بوەستێت و هێرشە یەك لە دوای یەكەكانی ئەم دوژمنە بشكێنێو بە سەری دا زاڵ ببێت.

٣. خۆ گرتن بە قورئان و سوننەت: چونكە هەر قورئان و سوننەتە زامنی ڕەزامەندی خواو بەهەشتی بەرین، كەسێ چەندی لە خواوە وەنزیك كەوێت، خوا لەو زیاتر لێ ی نزیك ئەكەوێتەوە، هەروەك پێغەمبەر (ﷺ) لە فەرموودەیەكی قودسی دا دەفەرموێ: ( إِذَا تقرب الْعبْدُ إِلَيَّ شِبْراً تَقرَّبْتُ إِلَيْهِ ذِراعاً، وإِذَا تقرَّب إِلَيَّ ذراعاً تقرَّبْتُ منه باعاً، وإِذا أَتاني يَمْشِي أَتيْتُهُ هرْوَلَة ) رواه البخاري عن أَنس ﵁. واتە: ئەگەر بەندە بستێك لە من وەنزیك كەوێتەوە، ئەوا من باسكێك لێ ی نزیك ئەكەومەوە، وە ئەگەر باسكێك لە من نزیك وە نزیك كەوێت، منیش یەك باڵ لێ ی وە نزیك ئەكەومەوە، وە ئەگەر بە ڕۆیشتن بۆمن بێت، من بە ڕاكردن بۆی ئەچمە پێشێ.

هەروەك خوای گەورە دەفەرموی: ﴿ وَمَنْ يَعْتَصِمْ بِاللَّهِ فَقَدْ هُدِيَ إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ ﴾ ( آل عمران: ١٠١). واتە: ئەوەی پشت بە خوا ببەستێت

و پەیڕەوی ئایینەکەی بکات ، ئەوە بۆ ڕێگایەکی ڕاست و درووست ڕێنما بووە.

٤. بترسێت لەوە کە خوا پەلە لە سزاکەی بکات و هەر لە دونیا ڕیسوای بکات. هەروەك خوای گەورە دەفەرموێ:﴿ وَإِنْ يَتَوَلَّوْا يُعَذِّبْهُمُ اللَّهُ عَذَاباً أَلِيماً فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَمَا لَهُمْ فِي الْأَرْضِ مِنْ وَلِيٍّ وَلا نَصِيرٍ ﴾ (التوبة: ٧٤). واتە: خۆ ئەگەر پشت هەڵکەن ئەوە بێ گومان خواسزای بە ئازاریان دەدات لە دونیاو لە ئاخیرەت، کەسیش یاوەرو پشتیوانیان نابێت لە سەر زەوی دا.

٥. خواردنی حەڵاڵ بخوات: چونکە گومان لەوە نیە یەك لە هۆیەکانی گیرا نەبوونی دوعاکان، خواردنی لوقمەی حەڕامە، بۆ باقی کارەکانی تریش هەر وایە، چەندی ئینسان ڕوو دە حەڕام بکات، هێندە هەڵوێستی تەوبەی لا دەمرێنێت.. کەسێ بە چاو نوقنێك خواردنی دەست کەوێت، کەم ئامادە ئەبێ، ڕوو دە شتێك بکات، کە بە بێ ماندوو بوون ئەو شتە پەیدا بکات.

٦. بیر بکاتەوە لەوە کە سبەی دێتەوە بەر دەستی خوا: ئەگەڕێتە بە میفلسی و بە دەست بە تاڵی، چونکە هیچی بۆ خوا نەکردووە، بە مانایاکی تر هیچ شتێکی بە سوودی بۆ دوا ڕۆژی خۆی نەکردووە، کەسێ بزانێت کە گەشتێکی دوورو درێژی لە پیچش بێو خۆ بۆ ئامادە نەکردبێت لە شێت زیاتر هیچی تر نی یە ، هەر کردەوەیکیش کە ئینسان لە ژیانی خۆی ئەیکات، هە رچەندی بچووك بێت، هەر ئەیبینێتەوە، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ فَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْراً يَرَهُ * وَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرّاً ﴾ (الزلزلة:٧- ٨) واتە: کەسێ تۆزقاڵێ کردەوی چاك بێت، ئەیبینێتەوە، وە کەسێکیش تۆزقاڵێك کردەوەی خراپ بێت ( هەر ) ئەیبینێتەوە. بۆیە خوای گەورە هەمیشە دەرگای تەوبە لەبەردەم

بەندەکانی والاّ ئەکاتەوە، هەرچەندی بەندە تاوانبار بێت، تەنها تەبەیەك بەسە بۆ ئەوەی ڕووی خۆت لە بەردەم خوا سپی کەیتەوە، با بیر بکاتەوە لەو کەسەی کە تەوبە نەکات ئاقیبەت لە دوا ڕۆژا چی ئەبێت، بیر بکاتەوە کە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ وَأَنِيبُوا إِلَى رَبِّكُمْ وَأَسْلِمُوا لَهُ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَأْتِيَكُمُ الْعَذَابُ ثُمَّ لا تُنْصَرُونَ ﴾ (الزمر:٥٤). واتە: بگەڕێچنەوە لای پەروەدگارتان و خۆتانی وە دەستەوە بدەن پێش ئەوەی سزایەکتان بۆ بێت پاشان هیچ سەرکەوتنێکتان بۆ نەبێت.

٧. بیر بکاتەوە کەوا مردن هەموو دەقیقەیەك لێت نزیکە: هەروەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: ( كَيْفَ أَنْعَمُ وَصَاحِبُ الْقَرْنِ قَد الْتَقَمَ الْقَرْنَ ، وَاسْتَمَعَ الإِذْنَ مَتَى يُؤْمَرُ بِالنَّفْخِ فَيَنْفُخُ ) رواه الترمذي وقال حديثٌ حسنٌ عن أبي سعيدٍ الخُدْرِيِّ رضي الله عنه. واتە: چۆن ئەگوزەرێن، لە کاتێکدا کە خاوەن کەڕەناکە ( کە ئیسڕافیلە ) کە دەمی بە کە ڕاناکە دا گرتووەو چاوڕوانەو گوێ ی بۆ فەرمانی خوا شل کردووە، هەر کە پێ ی بڵێت: فووی پیا بکە، تا فووی پیا بکا.

٨. دوور کەوتنەوە لە برادەری خراپ : ئینسان چەندی لە برادەری خراپ نزیك بێت، زیاتر دووری ئەکاتەوە لە لە خوا! بۆیە ئەیسنێن لە ئیسلامدا زۆر مسوڵمانان ووشیار ئەکاتەوە لە برادەری خواپ، چونکە برادەری خراپ وەك شەیتان وایە بۆ کەسەکان، کافریان ئەکاو پاشان خۆیان لێ بەری ئەکات، ﴿ كَمَثَلِ الشَّيْطَانِ إِذْ قَالَ لِلْإِنْسَانِ اكْفُرْ فَلَمَّا كَفَرَ قَالَ إِنِّي بَرِيءٌ مِنْكَ ﴾ (الحشر: ١٦). واتە: وەك شەیتان وایە، کە بە ئینسان ئەڵێت: کافر بە ! کە کافریش بوو، پێ ی ئەڵێت: من لە تۆ بەریم!.

٩. هانا بۆ خوا بەرێت لە وەسوەسەی شەیتان: وەك خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ وَإِمَّا يَنْزَغَنَّكَ مِنَ الشَّيْطَانِ نَزْغٌ فَاسْتَعِذْ بِاللَّهِ ﴾ ( الأعراف:

٢٠٠). واته: هەر كاتێ شەیتان ویستی لە خشتەت بەرێت و تووشی هەڵەت بكات، تۆ هانا بۆ خوا بەرە.

١٠. خۆ دوور گرتن لە نەزەرو زۆر قسە كردن و زۆر خواردن . هەموو ئەوانە هۆكارن بۆ دوور كەوتنەوی ئینسان لە خواو پەشیمان نەبوونەوە لە توانەكان.

## چۆن بزانین کەوا تەوبەکا نمان قبولْ بووە؟

١. كار كردنی دوای تەوبەكەت باشتر بێت لە پێش تەوبەكە.

٢. بەدەوام ترس میوانی بێو بە قەد چاو تروكاندنێك لە سزای خوا ئەمین نەبێت، ترس هەمو گیان و هۆش و هەستی نوستی دابگرێ.. بە ئاستێك كە گومان ببات كردەوە چاكانیشی لێ وەرنەگیرێن، هەروەك عائشە دایكی بڕواداران ( ڕەزای خوای لێ بێت ) دەفەرموێ: ڕۆژێ پرسیارم كرد لە پێغەمبەر (ﷺ) ئایا ئەم ئایەتە چ دەگەیەنێت كە دەفەرموێ: ﴿ وَالَّذِينَ يُؤْتُونَ مَا آتَوْا وَقُلُوبُهُم وَجِلَةٌ ﴾. واتە:ئەوانەی كەوا لەو شتانەی كە پێیان دراوە كەچی ئەشترسن. گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا، ئایا ئەوانە: ئاڕەق ئەخۆنەوەو دزیش ئەكەن ( بۆیە ئەترسن؟ ) پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: لا يا بنْتَ الصِّدِّيقِ وَلكنّهُم الَّذينَ يَصُومُونَ وَيُصَلُّونَ وَيَتَصَدَّقُون وَهُمْ يخَافُونَ أن لا تُقبَلَ مِنْهُم؛ أولَئِكَ الَّذينَ يُسَارِعُونَ في الخَيرات وَهُمْ لَهَا سابقون). نا ئەی كچی سەددیق! ئەوانە ڕۆژوو ئەگرن و نوێژ ئەكەن و خێریش ئەكەن، كەچی لەوە ئەترسن كە خوا لێ یان وەرنەگرێت! ئا ئەوانەن كەوا زۆرەبانێ و پێشبڕكێ كەن لە سەر خێر و چاكە. رواه الترمذي عَنْ عَبْد الرحْمَن بن سَعِيد عَنْ أَبي حَازِمٍ عَنْ أَبي هُريرَة رضي الله عنه.

٣. لەترسی ئاگر وەخت بێت کە دڵی پارچە پارچە بێت: چاکترین بەڵگەش ئەو فرمێسکەیە کە بابای تۆبەکار ئەیڕژێت.. چ فرمێسکێك لە فرمێسکی تۆبە کار گەرمترە؟ ئەو فرمێسکە گەرمەی کە لە چاویانا بەدی ئەکرێت، بڵقەی ئەو ئاوە گەرمەیە کە لە ویژدانی یەوە هەڵئەقوڵێت.. ئەو سەرپێچی یەی کە لای تاوانکار شتێکی ئاسایی یە ئەوا لای ئەو گەورەترین و ناشرینترین کردەوەیە. بە تایبەت کە هەست ئەکاو وەبریی دێتەوە کە وەختێك بوو ئەو خۆی خاوەن ئەو کردەویە بوو، ئەوا ناخی زەوی پێ خۆشترە کە خۆی تێنێ نەك سەر زەوی.

٤. هەمیشە خۆی بەقەرزاری خوا بزانێت: چۆن خۆی بەقەرزار نەزانێت، لە کاتێکدا هەست بکات کە بە ڕۆزی ئەو ئەژیت و بە هەوای ئەو ئەژیت و بە ویستی ئەو هەنگاو ئەنێت و بە قودرەتی ئەو بیر ئەکات و ئەبینێت و ئەبیسێت و بۆن ئەکات.. کەچی بۆ هەموو ئەوانە فلوسێکی نەچووە؟ ئەم هەستەش تەنها لای کەسێك درووست ئەبێت کە بڕوا لە دڵیدا جێ گیربێت و تەقوا لە ژیانی دا ڕێڕەو بێتن. بۆیە بابای تۆبە کار هەمیشە تێ ئەکۆشێت کە ڕووی خۆی لە بەرامبەر خوا سپی کات و هێندە کار کات تا خوا لە خۆی ڕازی کات. ئەگەرچی ئەشزانێت کە خوا لە هەموو کەس بێ نیازەو پێویستی بە کاری کەس نیە، ئەوەی کە بەندە ئەیکات تەنها بۆ خۆیەتیەو بەس، هەروەك لە فەرموودەیەکی قودسی هاتووە کە دەفەرموێ:

( يا عِبَادي إِنِّي حَرَّمْتُ الظُّلْمَ عَلَى نَفْسِي وَجَعَلْتُهُ بَيْنَكُمْ مُحَرَّماً فَلاَ تَظالَموا، يَا عِبَادِي كُلُّكُم ضَالٌّ إِلاَّ مَنْ هَدَيْتُهُ، فَاسْتَهْدُونِي أَهْدِكُمْ، يَا عِبَادي كُلُّكُمْ جائعٌ إِلاَّ مَنْ أطعمتُه، فاسْتطْعموني أطعمْكم، يا عبادي كلكم عَارٍ إلاَّ مِنْ كَسَوْتُهُ فَاسْتَكْسُونِي أَكْسُكُمْ، يَا عِبَادي إِنَّكُمْ تُخطِئُونَ باللَّيْلِ وَالنَّهارِ وَأَنَا أَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعاً، فَاسْتَغْفِرُونِي أغْفِرْ لَكُمْ، يَا عِبَادِي إِنَّكُمْ لَنْ تَبْلُغُوا ضُرِّي فَتَضُرُّونِي، وَلَنْ

تَبْلُغُوا نَفْعِي فَتَنْفعُونِي، يَا عِبَادِي لَوْ أَنَّ أَوَّلَكُمْ وآخِرِكُمْ، وَإِنْسَكُمْ وَجِنَّكُمْ كَانُوا عَلَى أتقَى قلبِ رجلٍ واحدٍ منكم ما زادَ ذلكَ فِي مُلكي شيئاً، يا عِبَادِي لو أَنَّ أَوَّلكم وآخِرَكُم وإنسَكُم وجنكُمْ كَانوا عَلَى أَفْجَرِ قَلْبِ رَجُلٍ وَاحِدٍ مِنْكُمْ مَا نَقَصَ ذَلِكَ مِنْ مُلْكِي شَيْئاً، يَا عِبَادِي لَوْ أَنَّ أَوَّلَكُمْ وَآخِرِكُمْ وَإِنْسَكُمْ وَجنَّكُمْ، قَامُوا فِي صَعِيدٍ وَاحِدٍ، فَسألُونِي فَأَعْطَيْتُ كُلَّ إِنْسانٍ مَسْأَلَتَهُ، مَا نَقَصَ ذَلِكَ مِمَّا عِنْدِي إلاَّ كَمَا يَنْقُصُ المخْيَطُ إِذَا أُدْخِلَ البَحْرَ، يَا عِبَادِي إنَّما هِيَ أعْمَالُكُمْ أُحْصِيهَا لَكُمْ، ثُمَّ أوَفِّيكُمْ إيَّاهَا، فَمَنْ وَجَدَ خَيْراً فَلْيَحْمِدِ اللَّه، وَمَنْ وَجَدَ غَيْرَ ذَلِكَ فَلاَ يَلُومَنَّ إلاَّ نَفْسَهُ رواه مسلم عن أَبِي ذَرٍّ جُنْدُبِ بنِ جُنَادَةَ، رضي الله عنه . **واته:**

**واته:ئەی بەندەکانم، من زوڵمم لە خۆما ئە حەڕام گرتووە، لە نێو ئێوەشم بە حەڕام گێڕاوە، ئەی بەندەکانم ئێوە هەمووتان گومڕان، ئەو کەسە نەبێ کە من ڕێنمام کردووە، داوای ڕێنماییم لێ بکەن، منیش ڕێنماتن ئەکەم. ئەی بەندەکانم ئێوە هەمووتان برسین، ئەو کەسە نەبێت کە خواردنم پێ داوە، داوای خواردنم لێ بکەن، منیش خواردنتان پێ ئەدەم. ئەی بەندەکانم ئێوە هەمووتان ڕووتن ئەو کەسە نەبێ کە من جلم پیای کردووە، داوی جل پۆشیم لێ بکەن، جلتان پێ ئەبەخشم. ئەی بەندەکانم ئێوە بەشەو و بە ڕۆژ هەڵە ئەکەن، هەر منیشم کە لێتان ئەبوورم، ئەی بەندەکانم، ئێوە ناتوانن زەرەرو زیان بە من بگەینن، وەك ناشتوانن سوود بە من بگەیەنن، ئەی بەندەکانم یەکەمین کەستان و دوا کەستان و ئینسانەکانتان و جنۆکەکانتان لە دڵی یەك پیاوی تەقوا دار دابن، هیچ شتێ لە موڵکی من زیاد ناکات، هەروەك یەکەمین کەستان و دوا کەستان و ئینسانەکانتان و جنۆکەکانتان لە دڵی یەك پیاوی خراپدابن، هیچ شتێك لە موڵکی من کەم ناکات. ئەی بەندەکانم گەر یەکەمین کەستان و دوا کەستان و ئینسانەکانتان و جنۆکەکانتان لەبەرگی یەك ئینسانا داوام لێ بکەن بۆ هەر ئینسانێك**

ئەیدەمیٚ ئەوەی کە ئەیەویٚ و هیچ شتێك لە من کەم ناکات، ئەوەندە بە ئەندازەی ئەو دلۆپە ئاوە نەبیٚ کە یەکێکێك لە ئێوە پەنجەی ئەخاتە نیچو دەریاوەو دەری دەهێنێت.ئەی بەندەکانم ئەوە کردەوەکانتانە من سەرژمێریان ئەکەم و پاشان پاشتان لیٚ ی ئەدەمەوە، گەر خێرێکیان تیا بینرا با حەمدو سوپاسی خوا بکەن، ئەگەر غەیری ئەمەشیان لیٚ بە دی کرا، با سەرکۆنەی کەس نەکات هی خۆی نەبێت.

هەروەها هێندیٚ لە حەکیمەکان دەیانگوت: بەندەکان بە چوار شت ئەبیٚ بزانن کە خوا تەوبەی لیٚ وەرگرتوون:

١. زمانی خۆی بگرێت و دووری بگرێت لە غیبەت و درۆو دو زمانی و...هتد

٢. هیچ شتێکی لەبەرامبەر براکەی لە دڵ دا نەبێت، لە ڕووی حەسادەت و چاو پیسی و بوغزو قین و ..هتد

٣. تێکەڵ بە پیاوی خراپ نەبێت.

٤. هەمیشە خۆی بۆ مردن ئامادە بکات و کەرەسەکانی بەختەوەر بوونی لە ڕۆژی دوایی پەیدا کاو بۆ ئەویٚ هەڵیگرێت.

هەروەها دیسان لە هێندیٚ لە حەکیمەکانیان پرسی: ئایا چۆن بزانین کە خوا تەوبەکانی لیٚ وەرگرتووین؟ ئەویش فەرمووی: بە چوار شت:

١. خۆ دوور گرتن لە برادەری خراپ و تێکەڵ بوون بە پیاو چاکان.

دوور کەوێتە لە هەموو جۆرە گوناه و تاوانێك.

٢. تۆزقاڵیٚ بە دونیا دڵ خۆش نەبیٚ و هەمیشە دڵی بۆ لیقای خوا بکوتیٚ.

٣. هەمیشە خۆی خەرك كات بە فەرمانەکانی و خواو ، بە قەد چاو تروکانێك سستیات تیا نەکات.

## هۆیەکانی تەوبە نەکردن

١. ئیعتیماد کردنی بەندە لەسەر ڕەحمەتی خوا، یان پشت بەستن بە ڕەحمەتەکانی، ئەمەش هێندێ جار وا لە بەندەکان ئەکات لە خۆیان بایی بن و پشت لە زۆر لە بەندایەتی یەکان بکەن بە بیانووی ئەوەی کە خوا بە ڕەحمەو لێ یان خۆش ئەبێت.

٢. شوێن کەوتنی ئارەزووەکان: ئەمەش هەمدیس کار لە دواخستنی تەوبەکان ئەکات.. سیفەت و خەسڵەتی نەفسیش وایە، کە هەمیشە خاوەنەکەی بەرەو دوا ڕۆژێکی تاڵ ئەبات، چونکە خۆی بەسەر خاوەنەکەی ئەکات بە خواو! تا خاوەنەکەی ناتوانێ بە هیچ چەشنێك لە داخوزاەکانی سەرپێچی بکات.

٣. ( التسويف والإغترار ): تەسویف واتە: ئەو کەسەی کە ئومێدێکی نادیار ئەدات بە خاوەنەکەی، ئەمەش حاڵەتی ئەو کەسەیە کە دێی پێی ئەڵێیت: تەوبە بکە، کەچی ئەو ئەڵێت: ڕۆژێ دێ هەر ئەیکەم! بەڵام کێ هەیە کە بزانێ کەی ئەمرێ تا کفن بۆ خۆی بکرێ و خۆی بۆ ئامادە بکات؟! ئیغتیراریش، واتە: ئەو کەسەی کە بەچەند کارێکی چاك لە خۆی بایی ئەبێ، وەك ئەو ئاڕەق خۆرەی کە کە بوغزو قین لە کەس ناکیچشێت و یارمەتی هەتیوو لێ قەوماوان ئەدات.. ئەمە وای لێ ئەکات پی یەوە لە خۆ بایی بێت و پێی وا ئەبێ کە خوا بەمەندە لێ ی وازی لێ دەهێنێت و سزای نادات. یان کەسانی وا هەن کە بە ڕەحمەتی خوا لە خۆ بایی ئەبێت، کە دێی پێی ئەڵێت: بەسیە ئیتر وەرەوە سەر خۆت تەوبە بکەو پەشیمان بەوە، ئەنا خوا ئەتگرێ ڕەوانەی دۆزەخێت ئەکات، کەچی ئەو ئەڵێت خوا بە ڕەحمەو لێم خۆش ئەبێت! نازانێ کە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ عَذَابَ رَبِّهِمْ غَيْرُ مَأْمُونٍ ﴾ (المعارج:٢٨) . واتە: بەڕاستی سزای خوا ( ڕەوا نی یە ) کە کەس لێ ی ئەمین بێت.

٤. سوورِ بوون له سەر ماڵ و كۆ كردنەوەی سامان: سامان و پارەو پوولی دونیا وا له خاوەنەكانیان ئەكەن، كه پێیان وابێ كەسێ پارەو پوولی هەبوو، ئیتر پاسەپۆرتی بەهەشتی له گیرفانایه! وەك ئەو كەسەی كه خوای گەورە باسی ئەكاو ئەفەرموێ: ﴿ يَحْسَبُ أَنَّ مَالَهُ أَخْلَدَهُ ﴾ (الهمزة:٣) واته: وا دەزانێت كه كه ماڵ و سامانەكەی دەبێته هۆی نەمری. یان دەفەرموێ: ﴿ وَقَالُوا نَحْنُ أَكْثَرُ أَمْوَالاً وَأَوْلاداً وَمَا نَحْنُ بِمُعَذَّبِينَ ﴾ (سبأ: ٣٥) واته: ئەیانوت ئێمه سامان و نەوەی زۆرترمان هەیه ( له برِواداران ) بۆیه له قیامەت ( قەت ) سزاو ئەشكەنجه نادرێین!

٥. نەدانی و بێ ئاگایی: جەهل و نەفامی دەردێكی كوشندەیه گەر رِوو دە هەر كەسێكدا بكات، گەورەترین هۆكاری دوور بوون له شەریعەت و بەرنامەی خوا، نەفامی یه. بۆیه هەمیشه قورِئان وسوننەت تاكید لەسەر زانستی شەرعی ئەكەنەوە، چونكه زانست رِووناكی مۆمێكه تاریكی بەرِێ ئەكوتێ چاڵ و كەندەلانی رِێگا نیشان ئەدا. ئینسانیش چەندی نەفامی یەكەی قوڵ تر بێت، هێندەش ئەو كەسه له ئینسان ناچێ و وەك درو جانەوەر، یان وەك ئاژەڵێكی برسی رِوو له دەرووبری خۆی ئكات، هەموو خەڵكیش بەچاوی ئەو وەك ئەو وان، بۆیه رِازیش نابێت، كه كەس ئامۆژگاری بكات و پێی بڵێت ئەمەت هەڵەیەو ئەبێ رِاستەوە بیت.

٦. به بچووك زانینی گوناهەكان: ئەمەش وەك له پیچشەوە ئاماژەمان پێدا، كەسێك كه نەزانێ دەردی لاشەی چەند سەختە، هێندەش خۆی پێوە خەریك ناكات تا چارەسەری بكات، وەك ئەو كەسەی كه دكتۆر پێی ئەڵێت: تۆ نەخۆشیت و پێویستیت به نەشتەر گەری هەیه، بەڵام ئەو له كەڵی شەیتان دا نەبەزێو ئەڵێت: من هەر چاك ئەبم، بەڵام لەپرِ مردن یەخەی پێ ئەگرێت و له نێوی ئەبات، خۆ ئەگەر هەست به بەسەختی

نەخۆشیەکەی بکات، ئەوا گەر ژیر بێت زوو چارەسەری ئەکات و بەری ئەگرێت نەوەك تەشەنە بکات، گوناه و سەرپیچچی یەکانیش وان، چەندی زانیت و هەستت کرد، کە ئاقیبەتێکی خراپ چاوەڕێی ئەکات، ئەو هەر زوو بەری لێ ئەگرێت و دەرمانی حەوت دەردەی بۆ پەیدا ئەکات، ئەنا هیچ و با لەو لا ترەوە چێت.

٧. ڕقە بەری و کەللە ڕەقی و لووت بەرزی: ڕقە بەری و کەللە ڕەقی پیشەی زۆر لە ئینسانەکانە، بە تایبەت بێ باوەڕان، ئەو کاتەی پێغەمبەر ( ﷺ) ڕوو بەڕووی بێ باوەڕان ئەبوویەوەو پێی ئەگوتن، تەوبە بکەن و وەرنە باوەشی ئیسلام، کەچی ئەوان لە کەللە ڕەقی و ڕقە بەرایەتی خۆیان دا نەدەبەزین و نەك باوەڕیشیان پێ نەدەهێنا، بەڵگو بە کوتك و ئاسن ڕوو بەڕووی ئەبنەوە، ئەم کەللە ڕەقی یە درێژەی کێشا تا ئامادەش نەبوو، لەسەر مەرگیشا پەشیمان ببنەوە، وەك دەگێڕنەوە کەوا ئەو کاتەی کە ئە بو جەهلیان کوشت پێش ئەوەی بمرێت، پێیان گوت: ئێستا چی ئەڵێیت؟ ئەویش گوتی: با موحەممەد بزانێ کە ئێستاش باوەڕم پێی نیە؟!!

## تەوبە جۆراو جۆرەکان

تەوبە کاران چوار بەشن:

یەکەم: ئەوانەی کەوا جەختیان کردووە لەسەر تەوبەکانیان و پاشگەز نابنەوە لێ ی و تا دەمرن لەسەر تەوبەکەیان ئەمێننەوە.. ئەمانەش خاوەنی دەروونی دڵنیان ( النفس المطمئنة )، چونکە تەوبەیەکی تەوا ( التوبة النصوحة ) یان کردووە.

دووەم: ئەوانەی کەوا کە جەخت لەسەر تەوبەکانیان ئەکەن، بەڵام جەختەکەیان زۆر تووندو تۆڵ نیەو هێندێ جاران تووشی گوناه و تاوان و نەزەرو غیبەت ئەبن ، بەڵام بەردەوام لەسەر ئەوە سەرکۆنەی خۆیان

ئەکەن ئن مانەش خاوەنی دەروونی سەرکۆنەکار ( النفس اللوامة )، خواش سوێند بەم چەشنە دەروونە ئەخوات و دەفەرموێ: ﴿ وَلا أُقْسِمُ بِالنَّفْسِ اللَّوَّامَةِ ﴾ (القيامة:٢). واتە: سوێند ناخۆم بەو نەفسەی کە سەرکۆنەی خۆی ئەکات.

سێیەم: تا ماوەیەك جەخت لەسەر تۆبەکانیان ئەکەن و پاشان بەرەو سەرپێچی و تاوان مل ئەنێنەوەو ئارەزووەکان بەسەریان دا زاڵ ئەبن و کردەوی چاك و خراپ تێکەڵ ئەکەن. بەڵام ماوە ماوە پەشیمان ئەبێتەوەو هەمدیس مل ئەنێتەوە! ئەمانەش جێگەی گومانی چاکی خوان، ئومێد هەیە کە خوا لێیان خۆش بێت، وەك خوای گەورە لەبارەیان دەفەرموێ: ﴿ وَآخَرُونَ اعْتَرَفُوا بِذُنُوبِهِمْ خَلَطُوا عَمَلاً صَالِحاً وَآخَرَ سَيِّئاً عَسَى اللَّهُ أَنْ يَتُوبَ عَلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ ﴾ (التوبة:١٠٢). واتە: کەسانێکی تریش هەن کە دان بە گوناهو هەڵەکانیان دا دەنێن، وە کرداری چاك و کرداری خراپیشیا هەیە، ئومێدە کە خوا تەوبەیان لێ وەربگرێت، چونکە بە ڕاستی خوا لێخۆشبوو و میهرەبانە.

هەر چەندە هێندێ جار چارەنووسی ئەو کەسانە ئەکەوێتە مەترسیەوە، ئەگەر لەسەر ئەم حاڵەتەوە بمرن، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموی: ( إنما الأعمال بالخواتم ) واتە: بێگومان کردەوەکان کۆتایی یەکەی وەرئەگیرێن.

چوارەم : ماوەیەك لەسەری بەردەوام ئەبێت کەچی، هەر زوو پاشگەز ئەبێتەوەو ئەکەوێت جارێکی تر هەڵناسێتەوە، ئەمەش حاڵی لە هی سێیەم شڕ ترە، چونکە گومانی چاکی پێ نابردرێ و ڕەنگە ئاقیبەتیشی شەڕو شڕ بێت، خوا پەنامان بدات. چونکە ئەوانە جڵەوی دەروونیان لە دەست دەرچووە و ئەوان کەوتوونەتە شوێن دەروونەکانیان

وبە دوای دەروونێکدا ئەکەون کە خواەن شەڕو فیتنەیە، کە خوا باسی ئەکات و دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ النَّفْسَ لَأَمَّارَةٌ بِالسُّوءِ إِلَّا مَا رَحِمَ رَبِّي ﴾ (یوسف: ٥٣). واتە: دەروونی ئینسان فەرمان بە گوناه و هەڵەو تاوان ئەدات، مەگەر پەروەدگارم بە ڕەحم و میهرەبانی خۆی فریا کەوت.

## کام تەوبە لای خوا مەبەستە؟

هەڵبەت ئەو کاتەی کە خوای گەورە باسی تەوبە لە گەڵ بەندەکانی ئەکات مەبەستی پێ تەوبەیەکە کە یەکجاری بێت و ڕۆژێ لە ڕۆژان بیر لە پا شگەز بوونەوەی نەکات و جەخت لەسەری بکات تا ئەبەد. وەك خوای گەورە ناوی ناوە بە ( التوبة النصوحة )، وەك لە پێشەوە مەرجەکانیشمان باس کردن، خوای گەورە ڕوو لە بڕوادارن ئەکات و دەفەرموێ: ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا تُوبُوا إِلَى اللَّهِ تَوْبَةً نَصُوحاً عَسَى رَبُّكُمْ أَنْ يُكَفِّرَ عَنْكُمْ سَيِّئَاتِكُمْ وَيُدْخِلَكُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ يَوْمَ لا يُخْزِي اللَّهُ النَّبِيَّ وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ ﴾ (التحريم: ٨). ( پێشتر لێك دراوەتەوە ) یان پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: ( إِن الله تعالى يبْسُطُ يدهُ بِاللَّيْلِ ليتُوب مُسيءُ النَّهَارِ وَيبْسُطُ يَدهُ بالنَّهَارِ لِيَتُوبَ مُسِيءُ اللَّيلِ حتَّى تَطْلُعَ الشَّمْسُ مِن مغْرِبِها ) رواه مسلم عن أبي مُوسى عَبْدِ اللَّهِ بنِ قَيْسٍ الأَشْعَرِيِّ ، رضي الله عنه. واتە: بێ گومان خوای گەورە لە شەوا دەستی خۆی درێژ ئەکات بۆ ئەوەی خۆش بێت لە گوناهی ڕۆژ و بەڕۆژیش دەستی خۆی درێژ ئەکات ب ئەوی خۆش بێت لە تاوانی شەو، ئەمە بەردەوام ئەبێت تا ئەو کاتەی کە خۆر لە خۆر ئاواوە هەڵدێت.

(حسن البصري رحمه الله ) ، دەفەرموێ: ( التوبة النصوحة ) ئەوەیە کە ئەو کەسە پەشیمان بێتەوەو قەت جارێکی تر نەگەڕێتەوە.

( الكلبي رحمه الله ) دەفەرموێ: بریتی یە لە ئیستغفار بە زمان و پەشیمانی بە دڵ و بە لاشەش ئەمە بسەلمێنێت.

( ابن القيم رحمه الله )، **دەفەرموێ:** ( التوبة النصوحة ) **سێ شت ئەگرێتەوە:**

**یەکەم: تێکڕای گوناهەکان بە درشت و بە ووردەوە ئەگرێتەوە.**

**دووەم: هەموو هەوڵ و تەقەلاَت چڕ کەیتەوە، تا پلەی عەزم بوون لەوە کە هەرگیزاو هەرگیز ڕوو دە گوناهەکان نەکەیتەوە. وە هەروەك چۆن لە پێش تەوبە کردن گوناهەکانت لا وەك هەنگوین شیرین بوو، دوای تەوبەکان گوناهەکانت لا وەك ژەهری مار تاڵ و زەقنەمووت وابێ.**

**سێیەم: پچڕاندنی هەموو ئەو ڕێگایانەی کە بەرو تاون و سەرپێچیت ئەبەن.**

**کەواتە:**

**یەکەمیان پەیوەندی بە خودی ئەو گوناهە وەیە کە ئەبێ تەوبەی تیا بکات.**

**دووەمیان پەیوەندی بە خودی خۆوە وەیە.**

**سێ یەمیان: پەیوەندی بەو کەسە وەیە کە پەشیمانی خۆی لا دەر ئەبڕێت ئەویش خودایە.**

## دەرمانی تەوبەو ڕێگە چارەکان

**هەڵبەت هیچ داوو دەرمانێك بۆ نەخۆش کەڵکی نیە گەر ئەم داوو دەرمانە نەبێتە هۆی بن بڕ کردنی نەخۆشیەکە بە تەواوی، هیچ شتێك ڕەت ناکرێتەوە گەر شتێکی تر دژ بەو بە کار نەهێنرێت. گوناه و سەرپێچیش نەخۆشی کوشندەن بە بێ چەکی تەوبە مەحاڵە بتوانیت کە ڕوو بەڕووی بیتەوە، هەموو نەخۆشیەکیش دەرمان و دەردی خۆی هەیە، بەلاَم ئەبێ ئەو دەرمانە بە ڕاستی دەرمان بێ و دەرمانی حەوت دەردەی بۆ ئەم لا بێ. بۆ نموونە هیچ چەکێك دژی شەهوەت و ئارەزووە چەپەڵەکان**

نابێتەوە، چەکی خۆ ڕاگری و ئارام گرتن نەبێت، چونکە ئەو دەرمانە شەرعیانەی کە خوا دایناون چەکوشێکی پۆلایین بۆ تێك و پێك شکاندن و خاپور کردنی دەردە کوشندەکان.

## تەوبە لە سەردەمی زێڕینی ئیسلامی دا

١. تەوبەی ئەم سێ پۆلە سەحابەی کە لە شەڕی تەبووك دوا کەوتن:

کەعبی کوڕی مالك ﵁ دەفەرموێ: جەنگی تەبووك لەمانگی ڕەجەبی ساڵی (٩) ی کۆچی ڕووی دا. پێغەمبەر (ﷺ) زانی بووی کە ڕۆمەکان بە ژمارەیەکی زۆرەوە بەرەو سنووری شام بەڕێ کەوتن و بەرەو ( بلقاو ) دێن. بۆیە پێغەمبەر (ﷺ)بە خۆو بە (٣٠) هەزار موجاهید بەڕێ کەوتن. (کەعب) دەڵێت: بەو خوایە من لە هیچ غەزایەکا کە پێغەمبەر (ﷺ) کردبێتی دوا نەکوتوو وم. تەنها غەزای بەدر نەبێت.. لەگەڵ ئەوەی کەس لەسەر بەشدار نەبوونی لە غەزای بەدرا سەرکۆنە نەکراوە.. بەڵام ئەو کاتەی کە پێغەمبەر (ﷺ) بانگهێشتی گشتی کرد بۆ جەنگی تەبووك، من هیچ کاتێك لەو کاتە ئامادەباشتر نەبووم بۆ ئەو جەنگە، وە هیچ کات لەو کاتە بە تواناترو بێ نیاز تر نەبووم.. بەو خوایە لە هیچ جەنگێکا دوو سوارم ئامادە نەکردووە تەنها لەو جەنگە نەبێت. ئەم جەنگە ڕێکەوت بوو لە گەل سات و وەقتی بەر ڕینینەوە.. پێغەمبەر (ﷺ) موجاهیدێکی زۆری کۆ کردەوە منیش خۆم ئامادە باشی کرد کە ڕەگەڵیان بکەوم.. منیش لەبەر ئەوە کات و وەقتی بەر ڕنینەوە بوو.. نیازم لێ هێنا کە کەمێك خۆم دوا بخەم و لە دواییا خۆم ئەگەیەنمەوە سوپاکە.! خۆزگە هەر زوو ڕەگەڵیان کەوتبام و ئەو نیازی دواکەوتنەم لێ نەهێنابا..چونکە دواکەوتنەکەم تەواو دوای خستم و لە دواییا نەمتوانی خۆ بگەینمەوە ئەوان.. لە هەمووی ناخۆشتر ئەوە بوو کە لە ماڵ ئەهاتمە دەرەوە ئەوانەم

ئەبینی کە دوا کەوتوو ون و بە گەڵ سوپاکە نەکەوتوون، تەنها پیرو پەك کەوتەو بێ دەسەڵاتەکانن، لەملاشەوە دوو ڕوو و دڵ نەخۆشەکان لە نێو شاری مەدینە هات و چۆ ئەکەن و بەشداری شەڕەکەیان نەکردووە.!

پێغەمبەریش (ﷺ) لەمسەرەوە هیچ باسی منی نەکردبوو، تا ئەو دەمەی کە گەیشتە تەبووك، ئینجا فەرمووی: کوا ( کەعبی کوڕی مالك)؟! یەکێ لە پشتیوانەکانی بەنی ( سلمه ) گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) نازین بە شان و شەوکەوت و جلو بەرگی ڕێگەی لێ گرتووە کە بێت بەشداری ئەم جەنگەمان لەگەڵ بکات! ( معاذ بن جبل ) یش گوتی: شتێکی زۆر خراپت گوت: بەو خوایە ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە خێر زیاتر هیچ شتێکی ترمان لێ نەبینیوە.. پێغەمبەر (ﷺ) بێ دەنگ بوو.

(کەعب) دەڵێ: من لەوەیا بووم کە خۆم هەر چۆنێك بێت بگەینمەوە سوپاکە.. بەڵام ئەوە بوو کە هەواڵم پێ گەیشت کە پێغەمبەر (ﷺ) نیازی گەڕانەوەی هەیە.. زانیم کە تازە کار لە کار ترازاوە..

پێغەمبەر (ﷺ) بە خۆو بەلشەکرەکە گەڕایەوە.. پیشەشی وابوو کە هەر کات لەجەنگدا بگەڕابایەوە ئەهات دوو ڕکات نوێژی لە مزگەوت ئەکرد.. هات و نوێژەکەی کردو پاشان دانیشت و خەڵکیش لێی کۆبوونەوەو هەموو ئەوانەی کە لە جەنگەکە دوا کەتبووون ئەهاتن و بیانووی خۆیان بۆ ئەهێنایەوە، ئەوانەی کە وەك من دوا کەتبوون ژمارەیان لە هەشتا کەس ئەدا .. پێغەمبەریش (ﷺ) بیانوویەکانیانی لێ وەر ئەگرتن و بەیعەتیانی لێ وەرئەگرتن و لێ یان خۆش ئەبوو.. منیش چووم و سەلامم لێ کرد، پێغەمبەر (ﷺ) زەردەخەنەیەکی تووڕاوی نواند، پاشان پێمی گوت: وەرە، هاتم و لە بەردەمی دانیشتم.. پێمی گوت: کەعب بۆ دوا کەوتی؟ منیش گوتم ئەی پێغەمبەری خوا، بەو خوایە گەر ئێستا بیانووێکی درۆت بۆ

بهێنمەوە ئەزانم لێم ڕازی ئەبێت و وەك ئەو خەڵکە بەڕێ ئەکەوم.. بەو خوایە من هیچ بیانوێکی شەرعیم نەبووە کە دوا کەوتوو وم. بەو خوایە هیچ کاتێك وەك ئێستا لەشوون توانا نەبوو وم.. هیچ کەسێکیش لە من زیاتر لەو ڕۆژە ئامادە باشتر نەبووە بۆ ئەم شەڕە، تەنها ئەوەی کە منی دوا خست باخچەکەم بوو.! پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بەڵێ ڕاست ئەکەیت، ئەزانم کە ڕاستت پێ گوتم، بەڵام هەڵسە بڕۆوە ماڵی خۆت چاوەڕێ بە کە بزانین خوا بیانووەکەت لێ وەر ئەگرێت یان نا؟!! ئەڵێ منیش هەڵسامەوەو لە مزگەوت دەرچووم، هێندێ لە پیاوانی ( بني سلمة ) بە دوام داهاتن و گوتیان: بەو خوایە ئێمە ئەوە نابینین کە تۆ هیچ تاوانێکت کردبێت.. بەڵام ئەتتوانی کە وەك ئەوانەی پێشە تۆ ئەهاتن و بیانووێکی درۆینەیان بۆ پێغەمبەر (ﷺ) ئەهێنایەوەوئەویش لێی وەر ئەگرتن و بەڕێیانی ئەکرد، گە ئەوەت بکردایە ئێستا لێت خۆش ئەبوو!! ( کەعب ) ئەڵێت: بەو خوایە هێندەیان بە گوێم چپاند، تا خەریك بوو پاشگەز ببمەوەو بچم بیانویچکی درۆی بۆ بهێنمەوە تا لێم خۆش بێت.! ئەڵێ پاشان گوتم: ئایا ئەو قسەی منی بە کەسی تر گوتووە؟ گوتیان بەڵێ: گوتم: کێیە؟ کوتیان: (مرارة بن ربيعة العامري ) و ( هلال بن أمية الواقفي ) ئەڵێ ئەم دوو کەسە ئەزانم کەسانێك بوون کە بەشداری شەڕی بەدریان کردووەو شایەتی پیاو چاکیان بۆ ئەدەم.. ئەڵێ چەند ڕۆژێکی پێ چوو، پێغەمبەر (ﷺ) بڕیاڕی دا کە نا بێت کەس لە یارانی پێغەمبەر (ﷺ) لە گەڵمانا بدوێت! ئەڵێ خەڵکی لە هەموو لایەکەوە لێمان دوور کەوتنەوە.. تا هەموو دونیامان لێ وێك هاتەوە.. بەم چەشنە پەنجا شەو ماینەوە.. هەر دوو هاوڕێکەی ترم لە ماڵ دانیشتبوون و لە گریان زیاتر هیچی تر بەشیان نەبوو.. بەڵام من ئەهامە دەرەوە بە زۆر خۆم تێکەڵی خەڵك ئەکرد و ئەچوومە مزگەوت و نوێژم

ئەکرد کەچی کەس نەیئەدواندم و قسەی لە گەڵ ئەکردم! کە ئەچووم بۆ مزگەوت ئەم بینیی کە پێغەمبەر (ﷺ) لە دوای نوێژ لە گەل خەڵکی دا ئەنیشێ.. لە دڵی خۆما ئەمگوت: ئایا کە سەلام ئەکەم پێغەمبەر (ﷺ) دەمی ئەجوڵێتەوە یان نا؟ پاشان ئەچووم، لە تەنیشت ئەو نوێژم ئەکرد، بە تیکە چاوێکیش ئەمڕوانیە پێغەمبەر (ﷺ)، ئەمبینی کە ئەو کاتەی چاوم تێی نێیە ئەو چاوم ئەداتێ، کاتێ کە کە چاوی تێ ئەکەم، چاوزی خۆی دا ئەنێتەوە..! لە حاڵەتێکی زۆر ناخۆش بووم.. خەڵکی تێکڕا ڕوو گرژ و تتوڕە بوون لێمان.. تا ڕۆژێك چوومە لای ( أبي قتادة ) کە کوڕە مامم بووو خۆشەویستترین کەسیش بوو لام.. سەلامم کردو کەچی بەو خوایە وەڵامکی نەدامەوە! پێم گوت: ئەی ( أبا قتادة ) سوێندت ئەدەم بە خوا تۆ ئەزانی کە من خواو پێغەمبەرم خۆش ناوێت؟ ئەڵێ بێ دەنگ بوو، ئەڵێ دیسانەوە تا سێ جاران ئەوەم لێ دووپات کردەوە.. ئەڵێ لە دواییا گوتی: خواو پێغەمبەری خوا باشتر ئەزانن.! ئەڵێ منیش چاوم پڕی ئاو بووو.. وام ئەزانی کە دیوارێکم بەسەر دا بەربۆتەوە.. لەو حاڵەتە دا بووم و چوومە بازاڕی مەدینە، پیاوێکی ( نبط ) یم بینی لە ئەهلی شام، ئەهات و ئەچوو ئەیگوت: کێ ( کەعبی کوڕی مالك )م پێ نیشان ئەدات؟ خەڵکی ئاماژەیان بەمن داو هاتە لام و نامەیەکی پێ دام، بینیم کە لە لایەن ( پادشا غسان ) نووسراوە، کە خوێندمەوە نووسیبووی: پێمان گەیشتووە کە بردارەکەت لێت زویر بووەو دڵی شکاندوویت.. خوا بێ هیوات ناکات، بفەرموو لای ئێمە، ئێمە ڕیزت لێ ئەگرین و قەدرت ئەگرین.. ئەڵێ منیش گوتم: ئەوەش بەڵایەکی ترە هاتۆتە پێشم.. یەکسەر نامەکەیم پیچاندەوەو خستمە نێو ئاگردانەوەو سووتاندم.. بەم چەشنە مامەوە تاکو گەشتە پەنجاو چوار شەو هێندەم زانی کە نوێنەرێك لە لایەن پێغەمبەری خواوە هات و گوتی:

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانت پێ ئەکات کە لە ژنەکەت دوور کەویتەوە! ئەڵێ منیش گوتم: تەلاقی بدەم یان چی؟! ئەویش گوتی: نا تەنها لێی دوورکەویتەوە! ئەڵێ هەمان داوای لە دوو هاوڕێکەی ترما کرد بوو.. ئەڵێ: منیش بە خێزانەکەمم گوت: بچۆوە ماڵی باوکت تا بزانین خوا چی ئەکات.. ئەڵێ: خێزانی ( هلال بن امية ) هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ( هلال ) پیاوێکی بەتەمەنە، کەسێ نیە کە خزمەتی بکات.. ئایا لە دڵت گرانە کە خزمەتی بکەم؟ ئەڵێ پێغەمبەری خواش (ﷺ) فەرمووی: نەخێر، بچۆ خزمەتی بکە، بەڵام لێی نزیک نەکەویتەوە. ئەڵێ ئەویش گوتی: بە خوا ( هلال ) لەو رۆژەی کە دوورت خستتونەتەوە هیچ جووڵەی نەماوەو هەموو شتێکی بۆتە گریان، ( کەعب ) ئەڵێت: هێندێ کەس هاتنە لام و گوتیان با خێزانت هەمان داوا لە پێغەمبەر (ﷺ) بکات، بۆ تۆ باشترە کە خێزانت لێت دوور نەکەوێتەوە.. منیش ئەمگوت: من چی ئەزانم کێ ئەڵێ کە پێغەمبەر (ﷺ) ڕازی ئەبێت یان نا. ئەڵێ بەم چەشنە دە شەو بێ خێزان مامەوە، بەیانی یەکەی پەنجا شەوی تەواو کرد بۆ نوێژی بەیانی لە خەو هەڵسام .. گوێم لێ بوو بە هەموو دەنگێکەوە هاوار ئەکرێ و ئەگوترێت: ئەی ( کەعبی کوڕی مالك ) مژدەت لێ بێت .. ئەڵێ منیش سوژدەیەکم برد هەستم کرد کە ڕزگاریم بووە! ئەڵێ پێغەمبەر (ﷺ) بەیانی کرد کە خوا تەوبەی لێ قەبوول کردووین و بیانووەکانیان لێ وەرگرتووین.. ئەڵێ منیش بۆ نوێژی بەیانی زۆر بەپەلە چوومە مزگەوت .. بینیم کە خەڵکی لە هەموو لایەکەوە دێن و مژدەمان پێ ئەدەن و پیرۆزباییمان لێ ئەکەن ، ئەڵێ: لە پێشە من هەردوو هاوڕیچکەی ترم هەر زوو چووبوونە مزگەوت.. کە نزیك مزگەوت بوومەوە پیاوێك بە سوار هات پێشوازیم و بە دەنگێکی زۆر بەرز هاواری ئەکرد و کە لێم نزیك بوویەوە

مژدەی پێ دام ، منیش لە خۆشیان عەباکەی خۆمم بۆ لەشان خستەوەو خستمە سەر شانی ئەوو بەو مژدەیەی کە پێی دام، بەو خوایە من لەو عەبایەی کە پێشکەشم کرد ئەوەی خۆشم زیاترم نەبوو! ئەڵێ کە لە مزگەوت نزیك بوومەوە، بینیم کە خەڵکی لە هەموو لایەکەوە بەرەو پیرم دێن و مژدەم پێ ئەدەن بوەی کە خوا تەوبەکەی لێ قەبووڵ کردووم. کە چوومە ژوورەوە لە مزگەوت ، بینیم کەوا پێغەمبەر (ﷺ) لە مزگەوت دانیشتووە و خەڵکیش لە دەروو بەریەوە ئاپۆرەیان داوە.. ئەڵێ (طلحة بن عبيد الله )م بینیم بە گورگە لۆقە بەرەو پیرم هات و تۆقەی لەگەڵ کردم و مژدەی پێ دام .. ( کەعب ) ئەڵێ: بەو خوایە یەك کەس لە کۆچەرەکان بەروە پیرم نەهات ( طلحة ) نەبێت! بەو خوایە ئەوەی ( طلحة ) قەت لە بیر ناکەم. ئەڵێ: کە پێغەمبەر (ﷺ)م بینی وەك مانگی چواردە لە خۆشیان ئەبریقایەوە.. فەرمووی: مژدەت لێ بێت لە ڕۆژێکا کە قەت نەتبینیوە لەم ڕۆژەوەی کە لە دایك بوویت.. ئەڵێ گوتم: ئەم مژدەیە لە تۆوەیە یان لە لایەن خواوە؟ پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: بەڵکو لە لایەن خواوە یە. ئەوەتا خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ لَقَدْ تَابَ اللَّهُ عَلَى النَّبِيِّ وَالْمُهَاجِرِينَ وَالْأَنْصَارِ الَّذِينَ اتَّبَعُوهُ فِي سَاعَةِ الْعُسْرَةِ مِنْ بَعْدِ مَا كَادَ يَزِيغُ قُلُوبُ فَرِيقٍ مِنْهُمْ ثُمَّ تَابَ عَلَيْهِمْ إِنَّهُ بِهِمْ رَؤُوفٌ رَحِيمٌ * وَعَلَى الثَّلَاثَةِ الَّذِينَ خُلِّفُوا حَتَّى إِذَا ضَاقَتْ عَلَيْهِمُ الْأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ وَضَاقَتْ عَلَيْهِمْ أَنْفُسُهُمْ وَظَنُّوا أَنْ لا مَلْجَأَ مِنَ اللَّهِ إِلَّا إِلَيْهِ ثُمَّ تَابَ عَلَيْهِمْ لِيَتُوبُوا إِنَّ اللَّهَ هُوَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ ﴾ **(التوبة:١١٨)**

ئەڵێ منیش گوتم: لە خۆشی ئەو مژدەیە ئەوە منیش هەموو ماڵی خۆم کردە ( صدقة ) لە پێناو خواو پێغەمبەرەکەی دا. ئەڵێ: پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: هێندێ لە ماڵی خۆت بگێڕەوە ئەوە بۆ تۆ چاکترە. ( کەعب ) ئەڵێ: ئەمە سەرەنجامی ڕاست گۆییم بوون بۆیە ئاوا خوای گەورە تەوبەی

لێ وەرگتم و پێغمبەریش (ﷺ) لە گەڵم ئاشت بوویەوە، بەو خوایە لەم ڕۆژەوەی کە لە مانای ( صدق ) حاڵی بوومە لەسایەی ئەم ڕۆژەوە، قەت بە زمانم دا نەهاتووە کە درۆ بکەم..! ( رواه مسلم )

٢. ئەو ئافرەتەی کە خۆی هات گوناهی خۆی لای پێغەمبەر (ﷺ) درکاند:

لە ( عِمْرَانَ بْنِ الحُصيْنِ الخُزاعيِّ رضي الله عنه ) دەگێڕنەوە دەفەرموێ: ئافرەتێکی ( جهینی ) کە زینای کردبوو هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و پێی گوت: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من حەددم کەوتۆتە سەر، تکایە لێم دەربکە! پێغەمبەریش (ﷺ) ناردیەوە لای کەس و کاری پێی فەرموون: کەی منداڵەکەی بوو بیهێننەوە لام! ئەویش وای کرد و چۆوە تا منداڵەکەی بوو، هاتەوە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) گوتی: ئەوەتا ئەی پێغەمبەری خوا ( ﷺ) ئەوە منداڵەکەشم بوو، زووکە دەمەوێ پاك بمەوە حەددم لێ دەر بکە! پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: منداڵەکەت پێویستی بە شیرە، کەی لە ششر بڕایەوە، ئینجا وەرەوە، ئافرەتە ڕۆژیشت و پاشماوەیەك بە خۆوو بە منداڵەکەی هاتنە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و لە تە نانێکیش بەدەست منداڵەکەوە بوو، ئافرەتەکە گوتی: ئەوەتا ئەی پێغەمبەری خوا منداڵەکەم بە پێی خۆی ئەڕوات و ئەشتوانێ بە دەستی خۆی خواردن بۆ دەمی بەرێ، هاتووم ئەمجارە حەددم لێ دەربکەیت! ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی دا کە جلەکانی توووند بکەن و بەردە بارانی بکەن! بەردە بارانیان کردو وەفاتی کرد، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی لەسەر کرد! عومرە گوتی: ئەوە نوێژی لەسەر دەکەیت ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە کاتێکدا کە ئەو زینای کردبوو؟! پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: لَقَدْ تَابَتْ تَوْبَةً لَوْ قُسِمَتْ بَيْن سبْعِينَ مِنْ أَهْلِ المدِينَةِ لوسعتهُمْ وَهَلْ وَجَدْتَ أَفْضَلَ مِنْ أَنْ جَادَتْ بِنفْسِهَا للَّهِ عَزَّ وجَلَ؟. واتە: ( بە خوا ) ئەو تۆبەیەکی وای کردووە گەر بەسەر حەوتا

کەس لە ئەهلی مەدینەی دابەش بکەیت، بەشیان ئەکات، ئایا نابینی کە چەند سوورِ بوو لە گەڵ خوا؟.

٣. پیاوێك سەد کەسی کوشت کەچی خوا لێ ی خۆش بوو!

لە (أَبِي سعِيدٍ سَعْد بْنِ مالك بْنِ سِنانٍ الْخُدْرِيِّ ﷺ ) دەگێڕنەوە: کە پێغەمبەر (ﷺ ) دەفەرموێ: کاتی خۆی لە پێش ئێوە پیاوێك هەبوو، نەوەدو نۆ کەسی کوشتبوو، پرسیاری لە زاناترین کەسی سەر زەوی کرد، ناردیان بۆ لای گۆشە نشێنێك، هاتە لای و پێ ی گوت: من نەوەدو نۆ کەسم کوشتووە، ئایا ئەگەر تەوبە بکەم خوا لێم وەر ئەگرێت؟ ئەویش پێ ی نەگوت: نەخێر! پیاوەکەش تووڕە بوو و سەدەمین کەسی بەو تەواو کرد! پاشان پرسیاری کرد کە کێ زاناترینی سەر زەوی یە؟ ئەمجارە ناردیانە لای پیاوێکی زانا، چووە لای و پێ ی گوت: من سەد کەسم کوشتووە، ئایا بۆم هەیە تەوبە بکەم؟ ئەویش گوتی: بەڵێ! برۆ فلانە زەوێ ، لەوێ خەڵکەکەی خواناسن خوا ئەپەرستن، بچۆ لە گەل ئەوان خەریکی خوا پەرستی بەو مەگەڕێوە سەر زەوی خۆت، چونکە زەویەکی بێ خێرو خراپە! ئەویش ڕۆیشت تا نیوەی ڕێگای بڕیو لە نێوەیا گیانی داو مرد! فریشتەکانی ڕەحمەت و سزا ئەکەونە ناکۆکی لە گەڵ یەکتر، فریشتەی ڕەحمەت ئەڵێت ئەو هاتووەو تەوبەی کردووە بۆ لای خوا گەڕاوەتەوە، فریشتەی سزاش ئەڵێت: ئەم پیاوە هیچ کردەوەیەکی چاکی نەبووە.. فریشتەیەك لە سەر شێوەی ئادەمی دێتە لایان و حوکم لە نێوانیان ئەدات و ئەڵیت: نێوان هەردوو زەیەکە بپیون، سەرنج دەن و بزانن لەکام زەی نزیکترە، ئەوە بەرەو ئەو نزیکە، ئەوانیش نێوان زەویەکەیان پیوا، سەرنجیاندا کە ئەو لە زەوی یە نزیکترە کە فریشتەی ڕەحمەت ئەیویست بۆ ئەو شوێنی حسێب بکات) متفق عليه.

٤. خوا باران بۆ پیاو خراپ نابارێنیٚ:

دەگێڕنەوە کە لەسەردەمی موسا پێغەمبەر (عليه السلام) ڕۆژێك خوا بارانی نەئەباراند، موساش بە گەلەکەی ڕاگەیان، با پێکەوە نوێژی بارانە بکەین، تاکو بە ڕەحمی خۆی لوتف کات و بارانمان بۆ ببارێنێت. ئەوانیش دەستیان کرد بە نوێژ کردن، خوای گەورە بە موسای فەرموو: ئەی موسا ئێوە پیاو خراپێکتان لە ناو دایە، بڕۆن ئەو پیاو خراپە لە شاری دەرکەن، ئەو دەم یارمەتیتان ئەدەم و بارانتان بۆ دائەبەزێنم، موساش بانگی ڕاهێشت بڕۆن بەدوای ئەم پیاوە دا بگەڕێن و لە شار دەری بکە، چونکە ئو بەرپەرچ بووە لە ڕێگای باراندا! ئەوانیش بە نێو هەموو شاردا بڵاو بوونەوەو بە دوای کابرا ئەگەڕان تا دەری کەن، بەڵام بیٚ هودە بوو و کابرایان نەبینیەوە، هەمدیس موساو گەلەکەی دەستیان کردەوە بە نوێژی بارانە، لە نێو نوێژا بوون، خوای گەورە بارانی باراند! موسا ڕووی دە خوا کردو فەرمووی: ئەی خوای گەورە تۆ برانت نەباراند چونکە ئێمە پیاو خراپێکمان لە نێوان بوو، کەچی گەڕاین وپیاو خراپەکەشمان نەبینیەوە کەچی تۆش بارانت باراند! خوای گەورە فەرمووی: ئەی موسا ئەو کاتەی کە تۆ و گەلەکەت بە دوای کابرا دا ئەگەڕان، لەو نێوەندە ئەو تەوبەی کردو پەشیمان بوویەوە، بۆیە منیش بارانم بۆ داباراندن! موساش فەرمووی: دە ئەی خودایە، ئەم پیاوەمان پیٚ نیشان بدە، خوای گەورە فەرمووی: ئەی موسا، کاتیٚ کە ئەم پیاوە خەریکی بەدکاری بوو، من ئابڕووم نەبرد، ئێستا کە تۆبەی کردووە چۆن ئاشکرای ئەکەم و ئابڕووی ئەبەم؟!.